# دواڕۆژ

دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

٢٠٢٦/٦/٢٠ـ ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٥٠

dwaroj.net

## سەروتار

## نیو سەدە پێشمەرگایەتیی کۆمەڵە، قوتابخانەیەکی پڕ لە داهێنان، شانازی و دەسکەوتی هاوچەرخ

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتیکێشانی کوردستان ڕاگەیەنراێکی بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بڵاوکردووەتەوە و دواڕۆژ بەپێویستی زانی لەم ژمارەیەدا دەقی ڕاگەیەنراوەکە وەک سەروتار بڵاوکاتەوە.

دەقی ڕاگەیەنراوی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

مێژووی نیو سەدە پێشمەرگایەتیی کۆمەڵە، قوتابخانەیەکی پڕ لداهێنان، شانازی و دەسکەوتی هاوچەرخە. ناوی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەمیشە لەگەڵ چەمکە بەنرخەکانی وەک بەرگریی شێلگیرانە لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد، هاوسەنگەری لەگەڵ کرێکاران و ڕەنجدەران، و پێداگری لەسەر ماف و پێشەنگایەتیی ژنان لێکئاڵاوە. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە فیداکاری، سەداقەت و خەمخۆریی بێپایانیان بۆ خەڵک، متمانەیەکی مێژوویی و پێگەیەکی پۆڵایینیان لە دڵی کۆمەڵگەی کوردستاندا چەسپاندووە. لە مەیدانەکانی نەبەرد لە دژی لەشکری داگیرکەران پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە جەنگاوەرانی ئازا و نەترس و وەرەبەرز لە سەرتاسەری کوردستان ناو و ناوبانگی تایبەتیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە و سەدان حەماسەی پێشمەرگانەیان خولقاندووە.

کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان!

دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گێژاوی سیاسەتە تێکدەرانەکان و ئەو ئاگری شەڕە هەرێمییانەدا دەسووتێ کە خۆی دایگیرساندوون، و زیاتر لە هەمیشە

لە داڕمان نزیک بووەتەوە، ئەرکێکی مێژوویی و قورس کەوتووەتە سەر شانی پێشمەرگەی کۆمەڵە. دۆخی چالاکیی ئێمە گۆڕاوە، بەڵام ئامانجەکانمان بۆ ئازادی، ڕزگاری، دادپەروەری و یەکسانی ...بۆ ل ٢

## کوردستان، خاڵی بەریەککەوتنی خەباتە ڕزگاریخوازانەکان



ئەسعەد دوروودی

چڕبوونەوەی لەسێدارەدانەکان، پەرەسەندنی دۆسیەسازییە ئەمنییەکان و زیادبوونی گوشار بۆ سەر چالاکوانانی سیاسی، کرێکاری، ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، تەنیا کۆمەڵێک هەنگاوی نارێکخراو یان کاردانەوەی کاتیی حکوومەت بەرامبەر بە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئەم تاوانانەی حکوومەت بەشێکە لە سیاسەتێکی پێکهاتەیی (Structural) کە ڕەگی لە سروشتی دەوڵەتی ناوەندی و پێوەندیی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا هەیە. تێگەیشتن لەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدا، بەبێ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان سەرکوتی سیاسی، چەوسانەوەی نەتەوەیی و پێوەندییە چینایەتییەکان مەحاڵە. کۆماری ئیسلامی، هاوشێوەی دەوڵەتەکانی پێش خۆی، کوردستان تەنیا وەک جوگرافیایەک کە بەشێک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێکدێنێ چاو لێناکات، بەڵکوو وەک خاکێکی داگیرکراو و بەو پێیەشە وەکوو «بابەتێکی ئەمنی» پێناسەی کردووە. لە چوارچێوەیەکی ئاوهادا، هەر شێوازێک لە ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی وەک هەڕەشەیەک لە دژی دەسەڵات و پێکهاتەی سیاسی سەیر دەکرێت. ...بۆ ل ١٠

## پیرۆزبێت ٣١ی جۆزەردان، ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

### ڕۆژی نەوەیەك لە فیداکارترین و سەرسەختترین ژنان و پیاوانی خەباتکاری کۆمەڵە و بزوتنەوەی چەپ و سوسیالیستی کوردستان



## فەریبا محەمەدی- جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

## بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان تا ئاستی جیایی، دەتوانێ بەستێنی یەکسان فەراهەم بێنێ



هاوڕێی فەریبا محەمەدی جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵە لە میانی بەشداری لە کۆنفڕانسێک لە ژێر ناونیشانی «بونیادنانی ئێرانێکی دیموکراتیک» لە پەرلەمانی ئەورووپا بە نوێنەرایەتی لە «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» گوتارێکی پێشکەش کرد کە دواتر لە ڕاگەیەنراوێکدا لەلایەن هاوپەیمانییەکە لە ژێر ناونیشانی ئامادەبوون و وتاری نوێنەری هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە پەرلەمانی ئەورووپا

برۆکسل – کۆنفرانسی «بونیادنانی ئێرانێکی دیموکراتیک» بڵاوکرایەوە..

بۆ لاپەڕی ٢

## چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی.!



پەرویز ڕەحیمزادە

ڕەوت و حیزبە سیاسیە ناسراو و کارتێکەرەکان کە توانیویانە بەشێک لە سەمپاتی جەماوەریی بۆ لای خۆیان رابکێشن، بە زۆری لە ڕێبازو سیاسەتەکانیاندا سەردەمێک هەوڵیانداوە کە پرسی کورد وەک بابەتی خەڵکێکیستەملێکراو بناسێنن کە دەبێ بە پێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵی هەڵسووکەوت بکرێت، یان هەندێجار پرسی کوردیان تا رادەیەک بەستوەتەوە بە بابەتێکی ئابووریی کە گوایە دەوڵەتانی داگیرکەر بە دواکەوتوو ڕاگرتنی کوردستان لە بواری ئابووریەوە، هۆکاری هەڵاواردن و ناکۆکین بە جۆرێکە ئەگەر باری گوزەران و ئابووریی خەڵک بەرەو باشی هەنگاو بنێت ئەوە رەنگە هەندێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن، لە لایەکی دیکەوەو بە تایبەتی لەم سەردەمەدا پرسی ..

...بۆ ل ٥

## درێژەی سەروتار

هەر وەک خۆیان بەرز و بەرنرخن.

پێشمەرگەی کۆمەڵە تەنیا هێزێکی چەکدار بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی نیزامی نییە؛ بەڵکوو تێکۆشەرێکی وشیار، خاوەن هەڵوێست و هەڵگری پەیامی ژیانێکی شیاو و سەردەمییانەیە. لەم قۆناغە هەستیارەدا، پێشمەرگەی کۆمەڵە وەک هەمیشە پارێزەر و پاڵپشتی سەرەکیی بزووتنەوە مافخوازەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و پەیوەندیی پێکهاتەیی و قووڵی نێوان

خەباتی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستنە جەماوەرییەکانی ناو شار و گوندەکان دەپارێزێ و پەرەی پێدەدات. پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەمڕۆ هەڵگری پەیامی ڕزگاری، ئازادی، یەکسانی، ژینگەپارێزی و ژیانی شیاوی مرۆڤە و لەگەڵ ئازار و هیواکانی خەڵک دەژی.

ئێمە وەک پێشمەرگەی کۆمەڵە، بە ئیلهاموەرگرتن لە دەسکەوتە فیکری و شۆڕشگێڕییەکانی دەیەکانی ڕابردوومان کە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بەڕوونی ئاسەوارەکانی دەرکەت، زیاتر لە هەمیشە جەخت لەسەر مافی نەتەوەی کورد بۆ سەربەستی، یەکسانیی مرۆڤ، دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان دەکەینەوە و ڕێگە نادەین هیچ پاشەکشەیەک بەم بایەخە مرۆییانە بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا، بەشێکی جەوهەری لە ئەرکی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ داهاتووی کوردستان ئەوەیە کە پارێزەری ماف و ئازادییەکانی سەرجەم پێکهاتە و دانیشتووانی کوردستان بە هەموو جیاوازییە بیروباوەڕی، نەتەوەیی، ئایینی و فەرهەنگییەکانەوە بێت.

پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک تەنیا چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕەکان ناکات، بەڵکوو بە پابەندبوون بە بایەخەکانی کۆمەڵە و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری و ئازادی، بە وشیاریی سیاسی و بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، دەبێت و دەتوانێت ببێتە داڕێژەر و سازەوانی گۆڕانی گەورە لە کوردستان و توێژە مافخوراوەکانی. ئێمە بە پلان و بەرنامەی ڕوونەوە بەرەو داهاتوو دەڕۆین تا نیشتمانێک پڕ لە ئازادی و بەختەوەری بە ئاسۆیەکی دادپەروەرانە و یەکسانی خوازانە بۆ هەموان بونیاد بنێین

### فەریبا محەمەدی- جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

# بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان تا ئاستی جیایی، دەتوانێ بەستێنی یەکسان فەراهەم بێنێ




لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی «بونیادنانی ئێرانێکی دیموکراتیک» لە پەرلەمانی ئەورووپا، فەریبا محەمەدی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە نوێنەرایەتی لە «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» گوتارێکی پێشکەش کرد.

ئەم ئامادەبوون و هەڵوێستە لە کاتێکدایە کە لە پێشخستنی بەرنامەکانی ئەم هاوپەیمانییەدا، «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» بەرپرسیارێتیی خولیی هاوپەیمانییەکەی لە ئەستۆدایە.

بەڕێز فەریبا محەمەدی لەم گوتارەدا، وێڕای خستنەدەنگۆی پێکهاتەی نەریتیی دەسەڵات و خوێندنەوە فەرمییەکان بۆ چەمکی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا، ڕەخنەی لە ئەمنیکردنی ناسنامە نەتەوەییەکان گرت و ئاماژەی بەوە کرد کە داواکاریی مافە ڕەواکانی ئەم نەتەوانە و جەختکردنەوە لەسەر «مافی دیاریکردنی چارەنووس» لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە تۆمەتی جیاییخوازی، بە تاوانناساندن و سەرکوتی توندوتیژانە وەڵام دراوەتەوە. لە کاتێکدا کەمکردنەوەی ئەم ئیرادە نەتەوەییانە بۆ وشە سنووردارکەرەوەکانی وەک قەوم یان ئەتنیک، پشتگوێخستنی ڕاستییە مێژووییەکانی کۆمەڵگە و ڕەسنایەتیی ئەم خەباتانەیە.

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا بە پشتبەستن بە نموونە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە و ڕوانگەی شیکەرەوە سیاسییەکان، جەختی لەوە کردەوە کە سنوورەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی ئیرادەی ڕەهای خودی نەتەوەکان نەبووە، بەڵکوو دەرەنجامی ڕێککەوتنەکان و جێگیربوونی هێزە نێودەوڵەتییەکانە لە درێژایی مێژوودا. وەک چۆن نەتەوەی کورد وەک نموونەیەکی بەرچاو، بەهۆی سنوورە سەپێندراوانەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە.

نوێنەری هاوپەیمانیی، بە بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کە سنوورە سیاسییەکان لە ڕەوتی مێژوودا هەمیشە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و نابێت بە دەمارگرژیی چەقبەستووەوە سەیریان بکرێت، جەختی لەسەر پێویستیی تێپەڕین لە گێڕانەوە فەرمییە سەد ساڵەییەکان کردەوە و بەرهەمهێنانەوەی بیرۆکەی دیموکراسیی یەکپێکهاتەیی لە نێوان بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەک تابوویەکی سیاسی

لەقەڵەمدا کە دەبێت بشکێنرێت.

لە بەشی کۆتاییی وتارەکەدا، ڕوونکرایەوە کە بۆ ڕۆژی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناتوانرێت کۆمەڵگە بە دروشمی گشتگیر بەڵام لێڵ و ناڕوونەوە بەجێبهێڵرێت و هەر جۆرە پێکەوەژیانێکی هاوبەش و بەردەوام لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا، مەرجدارە بە دەستەبەرکردنی یەکسانیی پێکهاتەیی لە سێ بواری سەرەکیی، مافە نەتەوەییەکان، فرەیی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزی.

١٤ی ژوئەنی ٢٠٢٦

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

# زۆر لە مێژە بەڕێگاوەم



ئامانج عەزیزکەندی

لە ئێوارەی گریانەوە وەڕێ کەوتووم

من شەوەزەنگی هەژاریی و ناسۆری برینەکان و کوێرەڕێی هەڵەتی دیلی ڕاپیەڕاندم،

وا بە شانی هیواکانم میلۆ میلۆ مەیتی زیندووم هەڵگرتووە.

من، چریکەی بێدەنگیتان گوێی کردمەوە تۆزی باهۆزی ڕابردوو ئەشۆمەوە.

من گوڵە گەنمی برسێتی ڕواندوومی و لەناو دڵی تینوایەتی هەڵقوڵیووم.

لە قرچەقرچی هاوینی سووتان و هەڵپرووزانا بەفری ئاشتی و ئاسوودەییم نوانوا دادەبارێم

گەرمی ماڵی ساردوسڕی نەوتگەرانم

بۆ خشتپێژە بێ ماڵەکان خشتی بناغەی ژیانم

شنەی شەماڵی بای وەعدەم هاتووم،

بووکی بەهاری پەردووی ڕێبەندان ڕاست کەمەوە

هاتووم هەتا جارێکی تر ژوانگەی حەزی مەم و زینان نوێ کەمەوە.

زۆر لە مێژە بەڕێگاوەم هاتووم ،

هاتووم پڕ بە دۆڵی " ئاجیکەند "م کاکڵە گوێزی بیری ساغی لاوان پێیە هێندەی سنە تووفەرەنگی کەسک و سووری شادی و پڕ بە دەشتی کامیارانم خۆشەویستی و یادی سەوزی " سەدیقەکان " لە دڵ دایە

هاتووم سۆزی شەپۆلەکەی بیری بەرزی هۆرەی "فۆئاد " تێکەڵ قەڵبەزەی چڵچەمەی حەیرانی "حەمەحوسێ " بکەم .

پەرداخ پەرداخ حەوزەگەورەی وتەکانی دووکتور "جەعفەر" لەگەڵ کانی دەنگی زۆڵاڵی کاک " جەماڵ " بکەمە بارانی گوڵاو هەتاوەکوو بست بە بستی ئەم وڵاتە بۆنی عەتری تێبگەرێ

ئەوسا لەوڵا ، لێرە، لەوێ پڕ بە گەرووی دەنگی شورش هاوار بکەم ئەمە شنەی کازیوەی هەناسەی کا "خانە "یە هەڵیمژ!

ئەمە بۆنی هەوای شێتی "بۆێ " یە کاێ دەخنکا

ئەمە شەماڵی " شیماڵ "ە و بۆنی حەفتا و چەند عوودەکەی هەڵبجەیە کاێ سووتا

ئەمە بۆنی خوێنی شوانە ئەمە بەرامەی ئارەقە و سەنگەر و گڵکۆی ئازیزانە

ئەمە هەموو

ئەمە

ئەمە

ئەمە هەموو... ...

# دەمامکی یەکسانی: کاتێک پرسی ژن لە کردارەوە دەبێتە بازرگانی



بێگەرد ساڵح

لە کایەی گشتی و سیاسیی ئەمڕۆماندا، چەمکەکانی وەک «مافی ژنان» و «یەکسانیی جێندەری» گوتارێکی زاڵ پێکدەهێنن. لە پشت ئەم دروشمە بریقەدارانەوە، ڕاستییەکی تاڵ هەیە؛ بۆ زۆرێک لە تاکەکان، ڕێکخراوەکان و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانیش، پرسی ژن بووەتە پەردەیەک بۆ خۆدەرخستن، بانگەشەی سیاسی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتی. کاتێکیش دێتە سەر هێنانەدی و کرداری ڕاستەقینە، بێدەنگییەکی ڕەها باڵ بەسەر ئەم ناوەندانەدا دەکێشێت. ئەم وەرچەرخانە مەترسیدارە پێویستی بە شیکارییەکی فیکری و ڕەخنەیی هەیە تا ڕووە شاراوەکانی تێپەڕبوونی ئەم دۆزە لە کایەیەکی مرۆییەوە بۆ کایەیەکی بازرگانی ئاشکرا ببن.

ژان بۆدریار، بیرمەندی فەرەنسی، چەمکی «سیمۆلاکرا» بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی نیشاندانی ڕووکار و کۆپیکردنی شتێک بەبێ ئەوەی لە بنەڕەتدا بوونی ڕاستەقینەی هەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە لایەن زۆرێک لە ڕێکخراو و حیزبەکانەوە بەڕێوە دەچێت، نموونەیەکی بەرچاوی «فێمێنیزمی نمایشی»یە. دۆزی ژن لە دۆزێکی بوونییەوە گۆڕدراوە بۆ کاڵا و ئامرازێکی میدیایی بۆ کۆکردنەوەی لایک، دەنگدان، یان ڕزگارکردنی وێنای گشتیی ناوەندەکان، بەبێ ئەوەی باوەڕێکی قووڵ بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ئارادا بێت. ئەم جۆرە لە نمایش، فەزای ڕاستەقینەی خەبات بەرەو جیهانێکی خەیاڵی و کارتۆنی دەبات.

لەم خاڵەوە دەتوانین پێوەندییەک لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیی هانا ئارێنتدا بدۆزینەوە، کە تێیدا کایەی گشتی تەنیا بە «کردار» و هاودەنگیی ڕاستەقینە زیندوو دەمێنێتەوە. کاتێک ڕێکخراوەکان و تاکە بەرژەوەندخوازەکان پرسی ژن دەکەنە پردێک بۆ مەرامە شەخسی و داراییەکانی خۆیان، کایەی گشتی لە ئەخلاق و ڕاستگۆیی بەتاڵ دەکەنەوە. ئەوان تەنیا نمایشی ڕزگارکەر دەکەن، کاتێک لە پشت پەردەوە، ئامادەی کێشانی هیچ باجێک و گرتنەبەری چاکسازییەکی ڕادیکاڵ نین. لێرەدا نمایش جێگەی کرداری گرتووەتەوە و هێزی بزوێنەری گۆڕانکاریی کوژاندووەتەوە.

ئەم کورتکردنەوەیەی دۆزی ژن لە چەند پۆستێکی ڕەمزی یان کۆڕ و کۆبوونەوەی بێبەرهەمدا، ڕێک هاوتای ئەو ڕەخنە توندەیە کە نانسی فرەیزەر ئاراستەی «فێمێنیزمی لیبراڵی ڕوواڵەتی» دەکات. ئەو پێیوایە ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە کێشە بنەڕەتییەکانی وەک ستەمی ئابووری، توندوتیژیی ڕێکخراو و یاسا نادادپەروەرەکان دەشارنەوە. ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بە دروشمە کاتییەکانیان، تەنیا ڕوواڵەت دەگۆڕن و ژێرخانی چەوسانەوەی ژنان وەک خۆی دەهێڵنەوە. بەم شێوەیە، کێشە پێکهاتەییەکان لە پشت پەردەی چاکسازییە ڕوواڵەتییەکاندا ون دەبن.

ئەم پرۆسەی بەکاڵاکردن و نمایشکارییە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو تێڕوانینەی سیمۆن دێ بۆڤوار لە کتێبی «ڕەگەزی دووەم»دا پێشکەشی دەکات، کاتێک باسی قەتیسکردنی ژن وەک «ئەوی تر» دەکات. لەم دۆخە نوێیەی ئێستاماندا، ژن دووجار دەبێتە قوربانی؛ جارێک لە ژێر سایەی سیستەمی باوکسالاریدا، و جارێکی تریش لە لایەن بازرگانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە کە پرسی یەکسانی وەک کەرەستەیەکی پۆپۆلیستی بۆ مەرامی خۆیان بەکاردەهێنن. ئەم بەکارهێنانە، دەرئەنجامێکی مەترسیداری هەیە کە بریتییە لە دروستکردنی بێمتمانەیی گشتی بە خودی دۆزی ڕەوای ژن. کاتێک کۆمەڵگە دەبینێت بانگەشەکارانی یەکسانی تەنیا لە پێناو پۆست، ناوبانگ و بوودجەدا دەنگ هەڵدەبڕن، باوەڕی بە تەواوی بزاڤەکە لاواز دەبێت.

کاتی ئەوە هاتووە کە چیدی ڕێگە نەدرێت مێژووی پڕ لە ئازاری ژنان بکرێتە سەرمایەیەکی بازرگانی. پرسی ژن پێویستی بە بوێری، ڕاستگۆیی و کردار هەیە و لە دروشمی بریقەدار و نواندنی میدیایی بێزارە. پێوەری ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر تاک، حیزب و ڕێکخراوێک، دەبێت هەنگاوە کردارییەکانیان بێت لەسەر بەستێنی ژیانی ڕاستەقینە، نەک ئەو دەمامکە جێندەرییەی کە لە کاتی پێویستدا دەیپۆشن.

# تۆپی پێ، مۆندیال و سیستەمەکانی زمان: گۆڕەپانی ململانێی هێز، ئابووری و دەسەڵاتی زاڵ



ساڵح سووزەنی



تۆپی پێ مێژووەکەی لە کایەیەکی سادەی سەر شەقامەکانەوە گۆڕاوە بۆ یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین دیاردە کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانی جیهانی هاوچەرخ کە بە ئۆستوورەی جیهانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن ناسراوە. کاتێک باس لە «مۆندیال» (جامی جیهانیی فیفا) دەکەین؛ باسی گەمەیەک دەکەین کە چوار تا پێنج ملیار لە حەشیمەتی گۆی زەوی لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و زۆرینەی کەرەستەکانی پەیوەندیی جەماوەرییەوە دەیبینن. ئەم ڕووداوە لە سنووری کێبڕکێیەکی وەرزشیی سادە دەرچووە و گۆڕاوە بۆ شانۆیەکی جیهانی کە تێیدا پێکهاتەکانی دەسەڵاتی زاڵ، ئابووریی نێودەوڵەتی و تەنانەت سیستەمەکانی زمان و گوتار پێکەوە گرێ دەدرێن بۆ نیشاندانی باڵادەستیی زلهێزەکان.

**تۆپی پێ مێژووەکەی لە کایەیەکی سادەی سەر شەقامەکانەوە گۆڕاوە بۆ یەکێک لە گەورەترین و کاریگەرترین دیاردە کلتووری، ئابووری و سیاسییەکانی جیهانی هاوچەرخ کە بە ئۆستوورەی جیهانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن ناسراوە. کاتێک باس لە «مۆندیال» (جامی جیهانیی فیفا) دەکەین؛ باسی گەمەیەک دەکەین کە چوار تا پێنج ملیار لە حەشیمەتی گۆی زەوی لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و زۆرینەی کەرەستەکانی پەیوەندیی جەماوەرییەوە دەیبینن. ئەم ڕووداوە لە سنووری کێبڕکێیەکی وەرزشیی سادە دەرچووە و گۆڕاوە بۆ شانۆیەکی جیهانی کە تێیدا پێکهاتەکانی دەسەڵاتی زاڵ، ئابووریی نێودەوڵەتی و تەنانەت سیستەمەکانی زمان و گوتار پێکەوە گرێ دەدرێن بۆ نیشاندانی باڵادەستیی زلهێزەکان.**

مۆندیال لە قۆناغی ئێستادا وەک بزوێنەرێکی زەبەلاحی ئابووریی جیهانی کار دەکات و لە بۆنەیەکی وەرزشیی پەتی دوورکەوتووەتەوە. وڵاتانی خانەخوێ ملیاران دۆلار لە ژێرخانی ئابووری، یاریگا و کەرتی گەشتیاریدا وەبەرهێنان دەکەن؛ ئامانجی ئەوان لەم کارە، هاوکات لەگەڵ بەدەستهێنانی قازانجی ڕاستەوخۆ، نیشاندانی هێزی دارایی خۆیانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە لایەکی دیکەوە، کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و براندە گەورەکانی ڕیکلام، مۆندیال وەک دەرفەتێک بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر بازاڕەکانی جیهاندا بەکاردەهێنن. ئەم زنجیرە بەها ئابوورییە نیشانی دەدات کە چۆن سەرمایەداریی جیهانی کۆنترۆڵی جومگەکانی ئەم یارییە دەکات.

لە ڕووی سیاسییەوە، گۆڕەپانی سەوز دەبێتە جێگرەوەی بەرەکانی شەڕی سارد و گەرم. زلهێزەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی سەرکەوتنی وەرزشییەوە، باڵادەستیی سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەسەر ڕکابەرەکانیاندا بسەپێنن.

میوانداریکردنی مۆندیال لە لایەن وڵاتانەوە، ئامرازێکی بەهێزە بۆ وەگەڕخستنی «هێزی نەرم «(Soft Power). دەوڵەتان ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆ خاوێنکردنەوەی ناوبانگی سیاسیی و نیشاندانی وێنەیەکی پێشکەوتوو، دیموکرات یان جێگیر لە خۆیان، کە لە زاراوەی سیاسیدا بە پرۆسەی «وەرزش-شۆردن» (Sportswashing) ناوزەد دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە، مۆندیال دەبێتە مەیدانی ململانێی نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی دەسەڵات لە جیهاندا.

پەیوەندیی نێوان تۆپی پێ و سیستەمەکانی زمان، ڕەهەندێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ئەم دیاردەیەیە. زمان لە کاتی یارییەکەدا لە ئەرکە سەرەتاییەکەی کە گواستنەوەی زانیارییە تێدەپەڕێت و دەبێتە سیستەمێکی گوتاریی قووڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی چەمکەکانی دەسەڵات، نەتەوەییبوون و ململانێ. کاتێک چاو لە شێوازی ڕووماڵکردنی میدیایی یارییەکان دەکەین، زمانێکی پڕ لە دەستەواژەی سەربازی و حەماسی دەبینین: «هێرش، بەرگری، داگیرکردنی گۆڕەپان، تێکشکاندنی ڕکابەر». ئەم زمانە، هزر و هۆشی هاندەران ئاراستە دەکات و یارییەکە لە چوارچێوەیەکی وەرزشییەوە دەگۆڕێت بۆ جەنگێکی ڕەمزی.

جگە لەوەش، بازاڕی زمانەوانیی مۆندیال لە ژێر کاریگەریی زمانە زاڵەکاندایە (بەتایبەت ئینگلیزی)، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەژموونی کلتووریی ڕۆژئاوایە. زمان لەم شوێنەدا وەک ئامرازێک بۆ پۆلێنکردنی جیهان کار دەکات و گۆی زەوی دابەش دەکات بەسەر «چەق» (وڵاتانی بەهێز و خاوەن مێژووی فوتبۆڵی) و «پەراوێز» (وڵاتانی گەشەسەندوو).

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە تۆپی پێ و مۆندیال، زۆر لە یارییەکی ٩٠ خولەکی گەورەترن. ئەوان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزن کە تێیدا ئابووریی جیهانی بازاڕەکانی پێ ڕێک دەخاتەوە، زلهێزەکان هێزی خۆیانی تێدا نمایش دەکەن، و سیستەمەکانی زمان و گوتاری میدیاییش شەرعییەت بەم باڵادەستی و ململانێیانە دەبەخشن. مۆندیال، لە ڕاستیدا، کۆپیکراوی بچووککراوەی جیهانی ڕاستەقینەیە لەژێر سایەی دەسەڵاتی زاڵدا.

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی...!



پەرویز رەحیمزادە



**بەشی پێنجەم و کۆتایی**

رەوت و حیزبە سیاسیە ناسراو و کارتێکەرەکان کە توانیویانە بەشێک لە سەمپاتی جەماوەریی بۆ لای خۆیان رابکێشن، بە زۆری لە رێبازو سیاسەتەکانیاندا سەردەمێک هەوڵیانداوە کە پرسی کورد وەک بابەتی خەڵکێکی ستەملێکراو بناسێنن کە دەبێ بە پێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەگەڵی هەڵسووکەوت بکرێت، یان هەندێجار پرسی کوردیان تا رادەیەک بەستووەتەوە بە بابەتێکی ئابووریی کە گوایە دەوڵەتانی داگیرکەر بە دواکەوتوو راگرتنی کوردستان لە بواری ئابووریەوە، هۆکاری هەڵاوردن و ناکۆکین بە جۆرێکە ئەگەر باری گوزەران و ئابووریی خەڵک بەرەو باشی هەنگاو بنێت ئەوە رەنگە هەندێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن، لە لایەکی دیکەوەو بە تایبەتی لەم سەردەمەدا پرسی کوردیان وەک بابەتێک هێناوەتە بەر باس کە کێشەی بەشداریی پێنەکردنی سیاسی کوردە لە سیستە و دەسەڵات کە ئەم سەردەمە زۆر باسی لێوە دەکرێ، بەم واتە هەندێکیان باسەکە بەوە کورت دەکەنەوە کە هەر لەم ئێرانی رژیمی ئیسلامیەدا ئەگەر کورد بتوانێ چەند وەزیرو بەرپرسی ناوچەیی ببێت و رێگەی پێ بدرێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، ئەوە دەکرێ بە پۆزێتیڤ و دەسکەوت هەڵبسەنگێدرێت. یان ئەو سیاسەتەی ئێستا حیزبە کوردیەکان لە قسەو باس و دانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەنجامی دەدەن، هەوڵیان ئەوەیە کە چارەسەری پرسی کورد ببەستنەوە بە بەشدرایی لە دەسەڵاتی داهاتوو لە ئێران. لە حاڵێکدا بابەتەکە زۆر لەوە هەستیارترە کە پرسی کورد بەوشێوە ئاراستە بکرێت، لێرە مەسەلەی کورد هەڵگری بارێکی فەلسەفیە بە جۆرێکە داگیرکەران ئەوەی ئێستە لە بەرەی دەسەڵاتەوە ئەوەی بریارە لە داهاتوودا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، پرۆژەی لەناو بردن و تواندنەوەی ئەم نەتەوە لە مێشکیدا پەروەردە دەکات، جا ئەم لەناو بردنە لە هەموو ئاستەکاندا خۆی بە روونی دەردەخات. لە بواری ئابووریی دواکەوتوو راگرتنی کوردستان، لە بواری کلتووریی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئاسەوارە مێژوویەکان و هەوڵی پیلانداڕێژراو بۆ لەناوبردنی زمانی کوردی و زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمان لە کوردستان، کۆنترۆڵی سیستەمی پەروەردەو بە مەبەستی سڕینەوەی بیری ئازادیخوازانە لە نێو مێشکی نەوەکانی داهاتوو بە جۆرێکە پێیان بڵێت ئێوە وەک تاکی کورد هیچ مانایەک پەیدا ناکەن و تەنیا بە بوونتان لەگەڵ کۆی گشتی ئەم جوگرافیای پێی دەڵێن ئێران دەبنە خاوەنی کاراکتێری راستەقینە، وە لە دەرەوەش هەوڵی ئێرانیەکان بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ بە چۆکداهێنانی گوتاری کوردستان تەوەری و راکێشانیان بۆ ناو ئەم بەرەو ئەو بەرەی چەپ یان راست. وە ئەم رێکارانە بە تایبەت لەم رۆژانەی بزووتنەوەی ژینا "ژن ژیان ئازادیی" ئێستا زۆر بە روونی لە هەڵوێست و کردەوەی فاشیزمی ئێرانیی لە رێگەی هەم کۆرو کۆبوونەوەکانیان و هەمیش میدیاکانی سەر بەم بەرە دەبینرێت.

ئەگەر چالاکانی سیاسی ئێرانیی دەرەوەی وڵات بەسەر دوو روانگەی چەپ و راست دابەش بکەین، بەرەی راست بە رووژاندنی تەنیا یەک پرسیار لە تاکی کورد هەموو ناوەرۆکی فاشیزمی داگیرکەرانەو دیکتاتۆری و ستەمکارانەی خۆیان دەردەخەن، ئەویش ئەوکاتەیە کە دەپرسێت ئایا ئێوە جیاییخوازن"شما تجزیه طلبید؟" ئەمە بە درێژایی ئەم مێژووە نوێیەی تۆمار کراوە بە روونی دەبینرێت کە تەنانەت باشترین کوردێ کە بە ئاشکراش هاواری ئەوە بکات کە "رێگە نادەین هیچکەس خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێت" هێشتا جێی بروا نین، یان ئەوانەی خۆیان بە قارەمانی دیمۆکراسی بۆ ئێران پێناسە دەکەن و کۆرو کۆڕبەندێکی ئێرانیی نەماوە سەری پێدا نەکەن و وەک کەواسووری بەر لەشکرە هەوڵ بۆ "پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەمینی" نەدەن، بەڵام هەر وەک کوردێکی گوماناوی سەیر دەکرێت.

لە لایەکی دیکەش چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانیش هەر بەو رێچکەدا دەڕۆن بەڵام ئەمان لە ژێر ناوی خەباتی بەرینی چینایەتی و هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی کرێکاران، واتە لەم کاتاگۆریەدا پرسی نەتەوەیی لاوەکی دەبێتەوە یان ئەوەیکە بە شێوەیەکی شەرمێونانە باس لە سەرووەری سیاسی ئەم نەتەوەیە دەکەن. چونکە باسکردن لە نەتەوە لای ئەوان دەبێتە بابەتێکی دواکەوتووانە لە ئەندێشەی مارکسیستی و ئەگەر کەسێک بێتوو چەپێک لە کوردستان باسی سەربەخۆیی کوردستان بهێنێتەوە ئاراوە، بەو واتایە دەبینرێت کە لەگەڵ مانیفێستی چەپ ناتەبایەو دیواری ئایدۆلۆژیەکە تووشی دارمان دەبێت. بەڵام هەر ئەم چەپە لە کوردستان خەبات لە سنوورەکانی ئێران بە ئینترناسیۆنالیستی لەقەڵەم دەدات، واتە مارکسیزم بەم مانا پێوانەیەکی جوگرافیایی هەیە کە ئەگەر ئەم ئەندێشە لە جوگرافیای گەورە "ئێران" رەچاو بکرێت بێ خەوشە بەڵام لە جوگرافیای بچووکتر "کوردستان" بە تاڵ دەبێتەوە لە ناوەرۆکی خۆی.

...بۆ ل٧

# کۆمەڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە نوێنەرایەتیی مەیل و مافی جیاواز دەکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و ڕێخۆشکردن بۆ مەیل و خواستەکان هەوڵ دەدەن، بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگان. بوون و گەشەی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر داهاتووی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت و یارمەتیدەری دامەزرانی سیستمێکی پێشکەوتووی هەمەلایەن و هەمەڕەنگە و ڕێخۆشکەری کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئەمڕۆییە.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگای کوردستانیان ڕێکخراوتر، مۆدێرنتر، سیاسیتر و لێکئاڵاوتر کردووە. دەوڵەمەندکردن و بەشداریی گەرموگوڕ لە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانە و پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەری ئەو ئامانج و ئاواتانەیە کە بنەمای سیاسەت و ڕوانینەکانی کۆمەڵەن. کوردستانێک کە لە باری بزووتنەوە مەدەنییەکانەوە بەهێزتر و چالاکتر بێ بەستێنێکی باشتر و لەبارترە بۆ کاری ڕزگاریخوازانە، دادپەروەریخوازانە و یەکسانیخوازانە. ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە داهاتووی کوردستاندا بەشێکی گرنگی پاراستنی ئازادییەکان و مافەکانی خەڵک دەبن و ڕێگە لە سەرەڕۆیی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی دەگرن.

ئەم بزووتنەوانە نابێت بکرێنە تریبۆنی پڕوپاگەندەی حیزبی و سەربەخۆییان لێ بستێندرێتەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە هاوکات لەگەڵ سەربەخۆبوونیان و هەڵقوڵانیان لە مەیل و ویستەکانی خەڵکی کوردستانەوە، لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی گشتیدان، پەیوەندیی خەباتکارانە و مافخوازانەیان دەورێکی گرنگی لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی گشتیدا هەیە و یارمەتیدەر و ڕێگەخۆشکەری کۆمەڵگایی ئینسانی و شیاوی مرۆڤ لە داهاتووی کوردستانن.

سەندیکا کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ژنان، ئۆرگانەکانی بەرگری لە مافی کەمینە ڕەگەزی و جنسییەکان، دامەزراوە خوێندکارییەکان، ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە، ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، گرووپەکانی دژایەتیی ئیعدام و ئەشکەنجە و دەیان ڕێکخراو و ئۆرگانی مەدەنیی دیکە لە کوردستان نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی چالاکیی مەدەنی لە کوردستان و زیندووبوونی کۆمەڵەگای کوردستان لەو بوارەوەن.

کۆمەڵە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان

لە کوردستان، پاش ڕێبەندانی ٥٧ خەباتی کرێکاری و ڕێکخراوە کرێکارییەکان گەشەیەکی باشیان بە خۆیانەوە بینی بەڵام هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بەرگریی پێشمەرگانە دژی ئەو هێرش و شەڕە سەپاوەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان دەرفەتی لە شێوە مەدەنییەکانی خەبات و لەوانە خەباتی کرێکاران سەندەوە بۆ ئەوەی بە شێوەی سەربەخۆ درێژە بە چالاکییان بدەن.

بە درێژایی هەموو ساڵانی دواتر خەباتی کرێکاریی لە کوردستان بەردەوام بووە و چالاکانی خۆی پەروەردە کردووە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی دەزگای سەرکوتی حکوومەت و زیندانی و ئیعدام کراون. بێجگە لە سیاسەتی گشتیی حکوومەتی ئێران لە دژی کرێکاران و چینە ژێردەستەکان، شەڕی ئابووریی دەسەڵاتی ناوەند بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ و لە دەیەکانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی دژی کوردستان وای کردووە کە ناوەندە گەورە پیشەسازییەکان لە کوردستان نەبن و نەبوونی ناوەند و کارگە و کارخانەی گەورە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەرەسەندن و بەروپێشچوونی بزووتنەوەی کرێکاری و توانای ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هێزی ئەو بزووتنەوەیە داناوە.

کۆمەڵە حیزبی خەباتکاری ڕێگەی ڕزگاریی چەوساوەکانی کوردستانە و ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران و چینە کەمداهاتەکانی کوردستان و پشتیوانی و یارمەتی بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە چوارچێوەی کاری سوسیالیستیی خۆیدا دەبینێت. بوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و شوورا و سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی چینی چەوساوەی کۆمەڵگا لە ئاکامی خەباتیدا لە ژیانێکی شیاو بەهرەمەند بێ.

داڕێژرانی یاساکانی کار و دیاریکرانی ئاستی حەقدەست و هەر مەسئەلەیەکی پەیوەندیدار بە دۆخی کار و ژیانی شوێنی کاری کرێکاران دەبێت بە بەشداریی دیاریکەری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران و پەسەندی ئەوان بێ. شێوەکانی ناڕەزایی دەربڕین بۆ کرێکاران دەبێت بە ڕەسمی بناسرێن و مانگرتن وەکوو ئامرازێکی گرنگی کرێکاران لە خەباتیاندا دەبێت ڕێگەپێدراو بێت.

درێژەی لاپەڕی ٥

## چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی...!

چەپی کوردستانیی، کۆمەڵەو مارکسیزمی کلاسیک

ئێستا و پاش زیاتر لە نیو سەدە لە دامەزرانی ئەم ڕێکخراوە، پێوەندی فیکری ئەم حیزبە بە بیری سۆسیالیستیەوە چۆنەو بە چ جۆرێک دەکرێ لە نێو تەپ و تۆزی ئەو گۆڕانکاریی و دابڕان و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگاو هاوکات بەردەوامبوونی سیستەمی سەرمایەداریی و زاڵبوونی بەسەر جیهانی ئەمڕۆ، بتوانرێ خوێندنەوەیەکی تازە بۆ مارکس و سۆسیالیزم بکات. کۆمەڵەی ئەمڕۆ لە نێوان دوو تێڕوانینی فیکریدایە یان باشترە بڵێین بەسەر دوو خوێندنەوە لە مێژووی خۆی دابەش بووە. یەکیان نەک بە تەواویی لە زمانی دەربڕیندا کە هەندێ جار هەڵوێستی ڕێفۆرمیستانەیان هەیە بەڵکوو لە بەرنامەدا لەسەر ئەو بڕوایە کە هەر سەرلەبەیانی ڕۆژی شۆڕش و ڕاپەڕین لە ئێران و کوردستان، کۆمەڵگا ئامادەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیەو هەموو بەستێنەکانی رووخانی سەرمایەداریی ڕەخساوە بۆ وەها گۆڕانکاریەک لە ئاستی ئێران و بەم پێیەش کۆمەڵە بە ڕێکخراوی ناوچەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێناسە ئەکات کە خۆیشی وەک لە بەرنامەکەیدا هاتووە، بەشێکە لە خەباتی ئەنترناسیۆنالیستی کرێکاریی، واتە کۆمەڵە وەک خۆی شتێک نیە ئیستراتژیەکی درێژماوەی لە کوردستان هەبێ، بەڵکوو کەرەسەیەکە بۆ ئامانجێکی گەورەتری ئینترناسیۆنالیستی جیهانیی. لەم ڕوانینەدا کوردستانیش تەنیا بایەخێکی پەراوێزی هەیە بۆ مەبەستی خزمەتکردن بە ئیستراتژی جیهانیی چینی کرێکار لە ئاستێکی بەرینتر.

کاتێکە شۆڕرشی ئۆکتۆبری رووسیە بۆ ماوەی دەیان ساڵ بە هەموو کەرەسەو ئیمکاناتی مادی خۆی کە توانیبووی ئەندێشەی بەناو سۆسیالیستی خۆی لە سەرتاسەری جیهان بڵاوە پێ بکات، بەشێک بوو لە یارمەتیدانی شۆڕشی گەورەی چین لە ١٩٤٩و توانی ئیرادەی خۆی بەسەر بەشێکی هەرە گرینگی وڵاتانی ڕۆژئاوا داسەپێنێت و کاریگەریی لەسەر بەشێکی زۆری بزووتنەوە چەپەکانی ئەو کات داناو تەنانەت توانی بەشێکی زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی ئەو سەردەم لە بواری ڕۆمان و شێعرو فەلسەفەو ئەدەبیات بەلای خۆیدا رابکێشێ، تا رادەیەک کە بیرمەندی گەورە ژان پۆل سارتر لە کۆتاییەکانی ئێستالینیزم ئەوە بە تاکە هیوای مرۆڤایەتی بۆ رزگاری ناوزەد دەکرد، چۆنە کە تێڕوانینێک لە کۆمەڵە هەیە کە باز بەسەر ئەو ئەزموونە مێژووییە دەدات و نایداتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ کە ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئەو پێکهاتە لە نێو خۆیدا رووخاو دواتریش دەرکەوت کە چۆن چینی کرێکار بە دڕندانەترین شێوە چەوسایەوەو بە ملیۆنان کەس لە ژێر ناوی جۆراوجۆر قەتڵ و عام کران. ئەم لێکۆڵینەوە ئەڵبەتە نابێ کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا بوترێ کە ئەوە سۆسیال ئەمپریالیزم بوو کە لە رووسیە دەستی باڵای پەیدا کرد بەڵکوو گەلێک لایەنی دیکە لەوبارەوە هەیە کە دەبێ هەڵبدرێتەوە، پرسی دێمۆکراسی، پێگەی حیزب لە دەسەڵات، چۆنیەتی پێوەندی لەگەڵ چینی مامناوەندو بەردەوامبوونی سەرمایەداریی لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە، چۆنیەتی تێپەڕبوون لە سەرمایەداریی بەرەو سۆسیالیزم، مەسەلەی زۆرینەو کەمینەکان و سەرهەڵدانی چینی جیاواز لە کۆمەڵگا. ئەگەرچی هاتنە مەیدانی کرێکاران لە ڕەوتی نارەزایەتی دەربڕینیان لەسەر شەقام فۆرمێکی شۆڕشگێڕانە بە خۆیەوە دەگرێ و بزووتنەوەکە رادیکاڵتر دەکاتەوە بەڵام ئەمڕۆکە لە راستیدا ئیتر تەنیا ئەوە چینی کرێکار نیە کە سەرچاوەی سەرەکی شۆڕش و ڕاپەڕینە، بەڵکوو هاتنە مەیدانی چینی نوێ بە داخوازیگەلی نوێ کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگی پێکهێناوە کە چەپێکی زانستیانەو ئەمڕۆیی دەبێ بتوانێ ناوەندی خوێندنەوەیەکی دەقیق بێ بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دەوروبەریدا روو دەدەن. بە داخەوە چەپی ئەمڕۆ نەک نازانێ چۆن لە دژی سیستەمی سەرمایەداری خەبات بکات بەڵکوو ناشزانێ کە چۆن لە دژی ئەو سیستەمە بیر بکاتەوە. چەپی نوێ و کوردستانیی دەبێ بە هەموو شێوەیەک پارێز بکات لە مارکسیزمی خۆسەپێنەر وە لەوە تێبگات کە کردنی مارکسیزم بە ئایدۆلۆژی و سەپاندنی زۆرەملێ بەسەر خەڵکدا هەرچەند لە روانینی ئەواندا لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی جەماوەرە، بەڵام بەرهەمی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵبدرێ کە بە پراکتیک و بەرنامەو گرتنە پێشی ڕێگای شیاو بەرەو ئەو ئێستراتژیە هەنگاو بنرێت.

پرسیارێکی گرینگ ئەوەیە ئایا هەرکەس سەرجەمی بیروڕای مارکسی وەک خۆی بەڕێوە نەبرد دەبێتە لادەر؟ ئێستا ئەوەی لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەیە ململانیەکی درێژماوەیە کە چۆن هەموو دەقەکانی مارکس وەک ئایەتی پیرۆز بەڕێوە ببرێت ئەگەرنا دەکەوێتە دەرەوەی ئاڵقەکە. مارکسیزمی سەدەی بیستەم سەرەڕای هەوڵدانی تێکۆشەرانی ئەو ڕێبازە، سەرەڕای ئەوەی توانی نیزامی هێرشبەری لیبرالیزم ناچار بە دانپێدانان بە هەندێک مافی ئابووریی،کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات، ئەڵبەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێفۆرمە گەورەکانی سەرمایەداری سەدەی بیست ڕێک لە کاتێکدا روویاندا کە بزووتنەوە سۆسیالیستیەکان روو لە گەشەو هەڵکشاندا بوون، بەڵام لە پرسی دێمۆکراسیدا تووشی داڕمان هات، بە جۆرێکە بە قۆرخکردنی دەسەڵات لە پێناو دروووستکردنی کاریزماو لەناوبردنی ناوەرۆکی ئەسڵی سۆسیالیزم واتە دێمۆکراسی لە هەموو رووبەرەکانیەوە، سیمایەکی ترسناکیان لە سۆسیالیزم بە هەموو جیهان نیشاندا و دووهەم بنەمای سانتریالیزمی دێمۆکراتیکیان لە کاری حیزبی و دەوڵەتی لە دێمۆکراسی بەتاڵکردەوەو ئەوەی مایەوە تەنیا ساختارێکی بۆرۆکراتیک و ئۆلیگارشیەکی تۆخ بوو کە هەموو کەس دەبوو لە پێناو سەرکردە بێ و ئەوەی ئەو وتی واقعیەتی مێژووە.

ڕەنگە گەڵاڵەکردنی چەند پرسیاری لەو شێوە بتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی تێڕوانین بۆئەو جۆرە لە مارکسیزمی میکانیکی کە زاڵە بەسەر لایەنێک لە کۆمەڵە، هەندێک باسی دیکەی پێوەندیدار بەم پرسە بێتە ئاراوەو دەرگایەک بۆ خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە چەپ و مارکسیزم بکرێتەوە. بۆ وێنە پرسی دەوڵەت کە لە دەورەی نوێدا ڕۆڵێکی تایبەتی دەگێڕێت، چۆن دەکرێ لەگەڵ تیۆری و جیهانبینیەکانی مارکس کە ئەساسەن دژی دەوڵەتە خویندەوەی بۆ بکرێت؟ ئایا چۆن دەکرێ لە نێو جیهانی دەوڵەتەکاندا دەسبەجێ دەوڵەت هەڵبوەشێنرێتەوەو میکانیزمی شوررایی پەیرەو بکرێت؟ پرسی نەتەوە بندەستەکان لەوانە کورد و خەبات بۆ سەربەخۆیی بە کام یەک لە فۆرمولبەندیەکانی مارکس دەبێ وەڵام بدرێتەوە؟ جیا لە ئاکامەکانی کە جێگەی لەم باسەدا نیە مەگەر ئەوە چەپەکان نەبوون کە بە زۆری لە سەدەی بیستەم هەر لە ئەفریقا تا ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەباتیان دژی داگیرگاریی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست کرد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی؟ دەوڵەت لە سەردەمی نوێدا بێگومان ڕۆڵی ڕێکخستن و ئانالیزی هەموو رووبەرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی دەگێڕێت و لە خۆیدا میکانیزمێکی بەڕێوەبەریە. بەڵام لە روانگەی ئێمەوە دەوڵەت دەبێ دێمۆکراتیک، دوور لە دەمارگرژی و خۆبەزلزانینی نەتەوەیی بێت، واتە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕێز لە کلتوور، سرووشت و مێژووی خۆی دەگرێت دەبێ پارێز بکات لەوەی بەرەو راسیسزم و نەتەوەپەرستی بڕوات.

مارکس پێشتر روانگەی بەرانبەر بە ئیرلەند لایەنگرانە نەبوو هەر وەک ئەوەی کاتی خۆی دیفاعی لە بەشداریی شۆڕشگێڕانەی ئینگیلس لە هێند کردو دەیوت کە بوونی ئینگلیس لە هێندووستان دەتوانێ خەڵکی ئەو وڵاتە لە خەوی چەند هەزار ساڵە وەخەبەر بێنێت، ئەگەرچی زۆری پێ نەچوو لەو رستەیە پاشگەز بوویەوە. یان فرێدریک ئینگڵس داگیرکردنی خاکی مێکزیک لە لایەن ئەمریکاو داگیرکردنی ئەلجەزائیر بە دەستی فەڕانسەی تەئید دەکرد، یا ئەوەیکە سووکایەتی بە خەڵکی باڵکان دەکرد و دەیوت کە بولغاریەکان باشتروایە حکوومەتی تورکەکان قبووڵ بکەن و چاوەریی ئەو شۆڕشە راستەقینە بن کە لە ڕۆژئاوا روودەدات. بەڵام ئەم بۆچوونانە ئەمڕۆکە ناتوانێ بۆ کەس یا لایەنێکە بڕوای بە یەکسانی هەیە قبووڵکراو بێ، بەڵکوو دەزانین کە هەردوو بیرمەند خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی کردووەو ئەڵبەتە لەو روانگانەی خۆیشیان هەندێجار پاشگەز بوونەتەوە.

مارکس روو بە کرێکارانی ئینگلیسی دەڵێ کە بەشداریی لە شەڕی دژی سەربەخۆیی ئیرلەند مەکەن و مەبنە دەستەچیلەی ئاگری ئەو شەڕەو بەڵکوو بە پێچەوانە یارمەتیدەری بزووتنەوەی فینی (ڕێکخراوی نەتەوەیی ئیرلەند) بدەن هەرچەند بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی ئیرلەندی بوو. مەبەست لەم گێڕانەوە ئەوەیە بڵێین باسکردن لەسەر مافی خەڵکێکە بە درێژایی مێژوو لەژێر چەپۆکی داگیرکاریی بووە نەک لادان نیە بەڵکوو گەشەدان و هەوڵە بۆ سەرلەنوێ سەرپێخستنەوەی فۆرمێکی نوێ لە چەپ کە دەتوانێ لە درێژماوەشدا خزمەت بە ئیستراتژیە گشتیەکە بکات.

# وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ هاوڕێ ڕەزا کەعبی

## تەوەری سێیەم: ئاسۆی گۆڕانکارییەکان و ئاڵنگارییەکان



هاوڕێی ڕەزا کەعبی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا وتوێژێکی لەگەڵ گۆڤاری تیشک ئەنجام داوە، لە ژمارەی پێشووی دواڕۆژ بەشی یەکەمی ئەم وتوێژە بڵاوکرایەوە و لەم ژمارەیەدا بەشی دووەمی دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانی دواڕۆژ.

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

٩- لەم ساڵانەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لە گەشە بووە و چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان هەوڵیان داوە داخوازییە جیاوازەکانی خۆیان – بۆ نموونە پرسە جێندەرییەکان، پرسی ژینگە و پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی – لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا جومگەبەندی بکەن. چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم دۆخە هەیە و بۆچوونی ڕێکخراوەکەی ئێوە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی چییە؟

• لە ساڵانی ڕابردوودا تا هاتووە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشەی کردووە. واتە خەڵک زیاتر وشیار بوونەتەوە و مانای مافخوازی قووڵتر چووەتە نێو کۆمەڵگاوە. ئەمڕۆ زۆرن ئەو کوردانەی بڕوایان بە داگیرکراوبوونی کوردستانە و بە مافی خۆیان دەزانن سەروەریی سیاسییان بەسەر وڵاتی خۆیاندا هەبێت. ساڵانێکی دوورودرێژ، داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان دا. لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەی دیار هەوڵ بۆ جێگیرکردنی ئەو ڕوانینە کە دانیشتووانی ئێران یەک نەتەوەن، هەم لە لایەن دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم حکوومەتی ئیسلامییەوە کاری زۆری بۆ کرا. سازکردنی نەتەوەیەکی ساختە لەسەر بنەمای زمانی فارسی و مەزهەبی شیعە، ئامانجی تواندنەوەی نەتەوەکان و دابەزاندنیان بوو بۆ ئاستی قەوم و بەشێک لە «نەتەوەی مەزن»ـی ئێران؛ سەرکوت و هێرش بۆ سەر هەر تاک و لایەنێک کە ئەو ناسنامە ساختەیە قبووڵ ناکات، مێژووی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردووی دەسەڵات لە ئێرانە.

ئەمڕۆکە کوردستان هەم لەباری جوگرافییەوە خەریکە دەچێتە سەر سنووره ڕاستەقینەکانی خۆی و ئەو بەشانەی ساڵانێک هەوڵی دابڕانیان لە کوردستان درا، بوونەتە سەنگەری ئاوەدانیی شۆڕشی کوردستان؛ هەم لەباری ڕۆشنبیرییەوە مانای ناسیۆنالیستبوون ڕوونتر و ناوەڕۆکەکەی پێشکەوتووانە و ئینسانییە.

> **بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەکوو لە بەرنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ (کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی)دا هاتووە: «بناغەی خەباتی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو ڕوانینە دامەزراوە کە دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و ناڕەوایە. لە ڕوانگەی ئێمەوە داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە». کەواتە داگیرکراوبوونی کوردستان کاریگەریی لەسەر هەموو پرسەکان هەیە و هاوکات کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە شوێنی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەرکی خۆی بە هەوڵ بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان دەزانێت، ئەو بەختەوەرییە لە چوارچێوەی چارەسەریی پرسە سەرەکییەکانی دیکەدا دەبینێت. ئێمە خەڵکی کوردستان بە شیاوی ژیان لە کوردستانێکی سەربەست، دادپەروەرانە و یەکسان و ئازاد دەزانین. ڕزگاربوونی کوردستان لە داگیرکاری، چەترێکی بەرینە کە لە ژێریدا هەوڵ بۆ دابینکردنی ژیانی شیاو بۆ خەڵکی چەوساوە، یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان، ژینگەیەکی پارێزراو کە بە شێوەیەکی دروست بۆ بەختەوەریی خەڵکی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت و چارەسەرکردنی دەیان پرسی دیکە، دەتوانێت خەڵکی وڵاتی ئێمە بگەیەنێتە ڕزگاری و بەختەوەرییەك کە شیاوین.**

مافخوازیی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد، نەک دژایەتی و ڕق بەرامبەر بە نەتەوە و خەڵکی دیکە، بەڵکوو دژایەتیی داگیرکەران و دەسەڵاتدارانێکە کە مافی سروشتیی چارەی خۆنووسینیان لە کوردستان زەوت کردووە. ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا هەڵگری مەیلێکی گشتخوازە و لەسەر بنەمای جۆرێک خۆبەزلزانینی نەتەوەیی بنیات نراوە و فۆرمێک لە گەڕانەوە بۆ دواوەی تێدایە. ناسیۆنالیزم دەتوانێت بیرۆکەیەک بێت کە هەوڵ دەدات لەناو قووڵایی مێژوودا بەدوای سەلماندنی جیاوازبوون و تایبەت بوونی خۆیدا بگەڕێت و بیکاتە بیانوویەک بۆ سەپاندنی باڵادەستیی خۆی بەسەر «ئەوانی دیکە»دا. نموونەی ئەو ڕوانینە لە هەڵگرانی بیری «ئێرانی یەکپارچە»دا دەبینین، کە ئەمڕۆ بووەتە گرفتێک لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن و ئازادی و دیموکراسی. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕوانینە لەسەر بنەمای دابەشکردنی مرۆڤ بە «ئێمە»ی باڵادەست و «ئەوان»ی ژێردەست دامەزراوە و پەنا بۆ ڕابردوویەکی ئەفسانەیی و شکۆمەندییەکی وەهمی دەبات بۆ ئەوەی خەڵک کۆ بکاتەوە. ئەمەش ڕێگرە لەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی مۆدێرن و عەقڵانی بیر بکاتەوە، چونکە سۆز دەخاتە پێش عەقڵ. ئێریک هابسبام لە کتێبی (The Age of Extremes, ١٩٩٤) سەبارەت بە سەرهەڵدانی نازیزم و فاشیزم لە ئەڵمانیا، باسی ئەوە دەکات کە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی نازیزم، گەڕان لە قووڵایی مێژوویەکی ونبوودا بوو بۆ ئەوەی شتێک بدۆزنەوە کە بۆ ناساندنی خۆیان وەک نەتەوەی هەڵکەوتووی مێژوو، پشتی پێ ببەستن.

بەڵام ناسیۆنالیزمی ناو بزووتنەوەی کورد لە فۆرمی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی بندەست و ڕزگاریخوازە و ڕووی لە پێشکەوتنە. بۆ نەتەوەیەک کە خاکەکەی داگیر کراوە، ناسیۆنالیزم «دواکەوتوویی» نییە، بەڵکوو تاکە کەرەستەی «بەرگری»یە. کەواتە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو دوو ناسیۆنالیزمەدا هەیە و من هەوڵ و خەباتی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەروەری بەسەر خاک و وڵاتی و بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی، بە ڕەوتێکی مافخواز و یەکسانیخواز پێناسە دەکەم، کە چەپ وەکوو بنەمای فیکری و ڕوانینی ئێمە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کاری بۆ بکات. ئێمە خوازیاری یەکسانی و بەرابەری و سڕینەوەی هەموو جۆرە ستەمێکین، کەواتە یەکسانیی نێوان نەتەوەکانیش ئەرکی ئێمەیە. بەم شێوەیە من بنەمای هەوڵدانی نەتەوەی کورد بۆ سەروەری بەسەر چارەنووسی خۆیدا، لە چوارچێوەی مافخوازیی نەتەوەیەکی داگیرکراودا پێناسە دەکەم کە هەوڵ دەدات بە شێوەی یەکسان و هاوشان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ببینرێت، واتە نە کەمتر و نە زیاتر.

...بۆ ل٩

درێژەی لاپەڕی ٨

بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەکوو لە بەرنامەی سیاسیی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ (کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی) دا هاتووە: «بناغەی خەباتی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو ڕوانینە دامەزراوە کە دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و ناڕەوایە. لە ڕوانگەی ئێمەوە داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە».

کەواتە داگیرکراوبوونی کوردستان کاریگەریی لەسەر هەموو پرسەکان هەیە و هاوکات کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە شوێنی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەرکی خۆی بە هەوڵ بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان دەزانێت، ئەو بەختەوەرییە لە چوارچێوەی چارەسەریی پرسە سەرەکییەکانی دیکەدا دەبینێت. ئێمە خەڵکی کوردستان بە شیاوی ژیان لە کوردستانێکی سەربەست، دادپەروەرانە و یەکسان و ئازاد دەزانین. ڕزگاربوونی کوردستان لە داگیرکاری، چەترێکی بەرینە کە لە ژێریدا هەوڵ بۆ دابینکردنی ژیانی شیاو بۆ خەڵکی چەوساوە، یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان، ژینگەیەکی پارێزراو کە بە شێوەیەکی دروست بۆ بەختەوەریی خەڵکی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت و چارەسەرکردنی دەیان پرسی دیکە، دەتوانێت خەڵکی وڵاتی ئێمە بگەیەنێتە ڕزگاری و بەختەوەرییەک کە شیاوین.

١٠- داواکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ فۆرمی خودموختاری، فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێک دێت. بەشێک لەم حیزبانە خۆیان بە ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی دەزانن، لە کاتێکدا حیزب هەیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ناکۆکییانە لە گوتار و ئایدیۆلۆژیایاندا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری مەیدانی و یەکگرتوویی نێوان ڕێکخراوەکان دەبێت؟

• جیاوازی لە ڕوانین و بەرنامەی سیاسی بۆ داهاتووی کوردستاندا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە نەتەوەی کورد بۆی هەیە چارەنووسی سیاسیی خۆی لە وڵاتی خۆیدا دیاری بکات. هاوکات بیرمان بێت کە کۆمەڵگە و حیزبەکانی و ڕێگەچارەکانیش، بابەتگەلێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو نین و دایمە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدان. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان پێشنیار دەکەین، یان پێمان وایە کورد بەو ڕێگەیە بە ڕزگاری دەگات، ئاکامی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەمڕۆمانە لە بابەتەکە؛ لەوانەیە لە داهاتوودا لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو ڕێگەیە ناکارا بێت و وەڵامدەرەوەی دۆخەکە نەبێت، بەڵام ئەوەی نەگۆڕە، خاوەنمافبوونی خەڵکە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان و وڵاتەکەیان بدەن. بۆیە ناکۆکی لە ڕوانینی سیاسیدا و بوونی چارەسەری جیاواز، تا ئەو کاتەی ئێمە بە مافی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری پابەند بین، نابێت ببێتە ڕێگرمان. کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە و ئەمە دەبێت وەکوو خاڵی بەهێز ببینین نەک خاڵی لاواز؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە قبووڵ کەین کە کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری، پێویستی بە هێزی هەموو تێکۆشەرانی خۆی هەیە و هیچ گارانتییەک بۆ پلانێکی ئەمڕۆ داڕێژراو لە داهاتووی پاش ڕزگاریدا نییە، بەڵکوو دەنگی خەڵک و بڕیاری جەماوەرە کە ئەو یەکلایی دەکاتەوە کە چ چارەسەرێک بۆ وڵاتەکەیان بە شیاو دەزانن. دیارە دیسان ئەو بڕیارەش بڕیارێکی کۆتایی نییە و دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت، وەک چۆن لە باشووری کوردستان خەڵک سەرەتا ژیان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیان پێ باش بوو، بەڵام دواتر لە ڕیفراندۆمێکدا زۆرینەیەکی مەزنیان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.

تەوەری سێیەم: ئاسۆی گۆڕانکارییەکان و ئاڵنگارییەکان

١١- لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دینامیزمی سیاسیی ناوچەکە و کوردستان زۆر خێراتر بووە. ڕووداوەکان زوو ڕوو دەدەن و زۆر کات پێشبینی نەکراون. ئەو لایەنانەی پلانی تۆکمەتر، لۆبیی بەهێزتر و میدیای چالاکتر و هێزی زۆرتریان هەیە، باشتر دەتوانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییشدا کەڵک لە گۆڕانکارییەکان وەربگرن و قازانج و ویستەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان میدیا، لۆبی و پلانێکی لاوازیان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕانکارییەکان هەیە. لە بەرانبەردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری کاری ڕێکخراوەیی، هێزی جووڵاندنی شەقام و مەشرووعییەتی مێژوویی لە ئێرانییەکان بەهێزترن. بەڵام ئەو بەهێزییە تەنیا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا ڕەنگە زۆر کاریگەریی لەسەر قۆستنەوەی دەرفەتەکان نەبێت. بۆیە زۆر کات دەبینرێت وڵاتانی ڕۆژئاواییش بۆ پرسەکانی ئێران و کوردستان لایەنە ئێرانییەکان بە بەردەنگ وەردەگرن. چارەتان بۆ چارەسەریی ئەم گرفتانە چییە؟ ئاخۆ هیچ هەنگاوێکتان بۆ پڕکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە مەبەستی بەشداریی زیاتر و کاریگەرتر لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە؟

• پێویستە سەرەتا دان بەوەدا بنێین کە بەڵێ، ئێمە سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێستا لە ناوچەکەدا (کە خێراییەکی زیاتریان بە خۆوە بینیوە) تا ڕادەیەک وەدواکەوتووین و دەبوو زۆر پێش ئەم ڕووداوانە خۆمان لە دەوری بەرە یان پلاتفۆرمێک ڕێک بخستایە بۆ ئەوەی وەک یەکە، زمان و سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرەو گۆڕانکارییەکان هەنگاومان هەڵبگرتایە. هەر لایەنە و خاوەن جۆرێک هێزی میدیاییە و هاوکات لە جێی خۆیەوە بە ناوی حیزبی خۆیەوە هەندێک هەنگاوی دیپلۆماسیش هەڵدەگرێت، بەڵام ڕاستیی پەیوەندیی دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ حیزبێک کە نوێنەری بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستانە، ناچێتە سەر مێزی دیالۆگ و گفتوگۆ، بەڵکوو دیپلۆماسیی جیهانی لە باشترین حاڵەتی خۆیدا، لانیکەم بۆ ئێمە کە خاوەنی کیانێکی دانپێدانراو نین، تەنیا دەتوانێت وەک کورد و داواکارییەکانی، لەگەڵمان بێتە سەر مێزی دیالۆگ و گوێمان بۆ بگرێت. واتە ئەگەرچی ئێمە خاوەنی دەوڵەت نین کە بتوانین لە ئاستی جیهانیدا وەکوو نوێنەری ئەو یەکە سیاسییە دەربکەوین، بەڵام ئەگەر ئێمە لە نێو خۆماندا پلاتفۆرمێکی یەکگرتووی کوردستانیمان هەبوایە، دەکرا وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵمان لە گۆڕانکارییەکاندا زیاتر بوایە و بەم شێوەیەش کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵمان هەڵسوکەوتی دەکرد.

پێچەوانەی ئەمە وەک لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کرا، ئەوە بوو کە دەبوو بۆ ئەوەی ڕەوابوونێک بۆ کورد بەدەست بهێنین بچینە ئاڵقەی سیاسەتی ئێرانی و لە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەواندا داواکارییەکانی خۆمان بەرز بکەینەوە، کە ئەویش هەر حیزبە و لەگەڵ بەرەیەکدا خۆی دەبینێتەوە؛ کە بەداخەوە لەم بەشەدا ئەو لایەنە ئێرانییانەی دەرفەتی زۆرتریان بۆ دیپلۆماسی هەیە، بە هیچ جۆرێک نایانەوێت دان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا بنێن و تەنانەت وەکوو نەتەوە نکۆڵیمان لێ دەکەن؛ کەواتە دەنگی کورد و خەباتەکەی لە ڕاستیدا لە نێو تەمومژی سیاسەتی «ئێرانی»دا بە تەواوەتی ون دەبێت یان دادەبەزێت بۆ ئاستی هەندێک داواکاریی کولتووری و زمانەوانی و بە قسەی ئەوان قەومی. لێرەشدا کۆمەڵگەی جیهانی بە پلەی یەکەم ڕووی وتەکانی لەو بەرەیە دەبێت کە لە بواری مێژووییەوە ناسراوتر و دەنگی بەرزترە و وەک ئاماژەی پێ کرا، میدیای بەهێزتری هەیە.

نەتەوەیەکی خەباتکار کە یەکگرتووانە و لە سەرەتاوە پرۆسەی بەناو ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کرد و دژی هێرشی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا ڕاوەستا، هەزاران حەماسەی بەرگریی پێشمەرگانە و خۆڕاگریی چالاکانی سیاسیی ناو زیندانەکانی خولقاندووە، دەیان خۆپیشاندان و مانگرتنی سەرکەوتووانەی ملیۆنیی ئەزموون کردووە، خاوەنی شۆڕشی ژینایە کە یەکێک لە گەورەترین بزووتنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، خاوەنی وشیاریی کۆمەڵایەتیی بەرز و کولتووری ژینگەپارێزییە کە لە خۆیدا پرسێکی جیهانییە؛ دەبوو ئێستا لەسەر دەستی حیزبەکانی، خاوەن بەهێزترین پلاتفۆرمی کوردستانی ببوایە و لە ئاستی خەباتی شکۆمەند و لەمێژینەی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهاندا خۆی دەربخستایە. ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان پێویستە بیزانن و گرنگیی تایبەتی لە بەهێزبوونی کورد وەکوو ئەکتەرێکی سیاسی لە گۆڕەپانی جیهانیدا هەیە، ئەوەیە کە ئێمە دەبێت «هێزی شەقام» بگۆڕین بۆ «پێگەی سیاسی»، واتە بە پشتبەستن بەو یەکگرتووییەی لە شەقامی کوردستاندا دەبینرێت، سوود وەرگرین بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا پێگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکەین. بە پشتبەستن بە شەقام دەبێت دەریبخەین کە هیچ گۆڕانکارییەک لە ئێراندا بەبێ ڕەچاوکردنی ماف و ئیرادەی بزووتنەوەی کوردستان سەرناگرێت.

بەم پێیە، بوونی میدیایەکی بەهێز کە بتوانێت سەرنجی جیهانی بۆ لای پرسی کورد ڕابکێشێت، یان نوێنەرایەتییەکی هاوبەش کە بتوانێت لە دەرەوە لۆبی و دۆست بۆ کورد دروست بکات و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، تەنانەت بۆ بەشداری لە هەر هاوپەیمانییەک لەگەڵ ئێرانییەکان، لە ڕاستیدا لە ڕێڕەوی سەرپێخستنی پلاتفۆرمێکی کوردستانییەوە مسۆگەر دەبێت. دیارە لەم پەیوەندییەدا ئێمەش وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پلانێکمان بۆ ئەم بابەتە پێشکەش کردووە، وەک ئەوەی لایەنەکانی دیکەش خاوەن جۆرێک پلانن بۆ ئەم پرسە، بەڵام هەندێک بەربەست هەن کە هەم لایەنی ستراتیژی و جیاوازی لە ڕێبازدا هەیە، هەمیش جۆرێک هەوڵدانی تاکلایەنە بە مەبەستی خۆدەرخستن وەک تەنها نوێنەری هەموو کورد دەبینرێت، کە ڕاستییەکەی تا ئەمڕۆ هەر جارە و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە.

کەواتە تاکە ڕێگەی دەرکەوتنی کورد وەک ئەکتەرێکی بەهێز و کاریگەر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا، گەیشتنە بە پلاتفۆرمێکی کوردستانی کە یەکەم زمانی حاڵی بزووتنەوەی کوردستان و خواستەکانی نەتەوەی کورد بێت و هەموو لایەنێک خۆی تێدا ببینێتەوە و دواتریش پرسی کورد بکاتە گرنگترین ئەجێندای هەر بەشدارییەکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لە ئاستی جیهانیدا. خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت، بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران، ژنان، ژینگەپارێزان، منداڵان و هتد.

...بۆ ل١١

# کوردستان، خاڵی بەریەککەوتنی خەباتە ڕزگاریخوازانەکان





ئەسعەد دوروودی

چڕبوونەوەی لەسێدارەدانەکان، پەرەسەندنی دۆسیەسازییە ئەمنییەکان و زیادبوونی گوشار بۆ سەر چالاکوانانی سیاسی، کرێکاری، ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، تەنیا کۆمەڵێک هەنگاوی نارێکخراو یان کاردانەوەی کاتیی حکوومەت بەرامبەر بە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئەم تاوانانەی حکوومەت بەشێکە لە سیاسەتێکی پێکهاتەیی (Structural) کە ڕەگی لە سروشتی دەوڵەتی ناوەندی و پێوەندیی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا هەیە. تێگەیشتن لەوەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدا، بەبێ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان سەرکوتی سیاسی، چەوسانەوەی نەتەوەیی و پێوەندییە چینایەتییەکان مەحاڵە.

کۆماری ئیسلامی، هاوشێوەی دەوڵەتەکانی پێش خۆی، کوردستان تەنیا وەک جوگرافیایەک کە بەشێک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێکدێنێ چاو لێناکات، بەڵکوو وەک خاکێکی داگیرکراو و بەو پێیەشە وەکوو «بابەتێکی ئەمنی» پێناسەی کردووە. لە چوارچێوەیەکی ئاوهادا، هەر شێوازێک لە ڕێکخراوبوونی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی وەک هەڕەشەیەک لە دژی دەسەڵات و پێکهاتەی سیاسی سەیر دەکرێت. لەبەر ئەمەشە، سەرکوت تەنیا ڕووبەڕووی حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەندامان و چالاکانی ئەوان نابێتەوە. چالاکوانانی کرێکاری، ڕێکخراوەکانی ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی ژینگەییش دەکەونە ژێر گوشاری «ئەمنییەتییەوە» چونکە پرسی سەرەکی بۆ حکوومەت تەنیا دژایەتیی سیاسی نییە، بەڵکوو پرسی سەرەکی دروستبوونی هێزی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەڵات و دەوڵەتە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگەی تێکۆشانی ئەنجومەنە ژینگەیی، فەرهەنگی و مەدەنییەکان جۆرێک لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی خوڵقاندووە کە پێناسەی «ئەمنییەتی» لە مانایەکی دەوڵەتی و پۆلیسییەوە گۆڕیوە بۆ هاوپشتییەکی ڕێکخراوی جەماوەری، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ حکوومەتێکی تۆتالیتەری وەکوو کۆماری ئیسلامی.

کوردستان و بزووتنەوەکەی لەم پەیوەندییەدا دۆخێکی تایبەتیان هەیە لەبەر ئەوەی بە شێوەی مێژووی و لە کردەوەدا ساڵانێکی دوورودرێژە خەبات بۆ مافە پیشەیی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی هەڵپیکراوە. لە دۆخێکدا کە نەتەوەی کورد مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی لێ زەوت کراوە و لە دەرفەتی یەکسانی سیاسی بێبەشە و تەنانەت زمان و کولتوورەکەی لە لایەن دەسەڵاتەوە لە ژێر هەڕەشەی لەناوچووندایە، تەنانەت سەرەتاییترین داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە داخوازی سیاسی. بۆیە تێکۆشان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی، دروستکردنی ڕێکخراوێکی کرێکاریی سەربەخۆ، خوێندن بە زمانی دایک، یان نارەزایەتی بەرامبەر بە حوکمی نامرۆڤانەی ئیعدام، هەموویان لە دەزگای ئەمنیی حکوومەتدا لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا لێکدەدرێنەوە.

لە ڕوانگەی چەپەوە، پرسی کوردستان ناتوانرێت تەنیا بۆ چەوسانەوەی نەتەوەیی یان تەنیا بۆ چەوسانەوەی چینایەتی کورت بکرێتەوە. ئەم دوو پرسە و پرسە کۆمەڵایەتی و مەدەنیی و سینفییەکانی دیکەش لە ڕاستیی کۆمەڵگای کوردستاندا بە تەواوەتی لێکتەنراون. کوردستان هاوکات لەگەڵ ستەمی نەتەوەیی، لەگەڵ بێبەشبوونی ئابووریی بە ئەنقەست و درێژخایەن، ڕێژەی بەرزی بێکاری و گرفتی ئابووریی بنەڕەتیی دیکە بەرەوڕووە. ئەم بێبەشکردنە ئابوورییە تەنیا پشتگوێخستنێکی سادە نییە، بەڵکوو سیاسەتێکی چالاکی تاڵانکارییە کە لە ڕێگەی قۆرغکردن و گواستنەوەی سەرچاوە سروشتییەکان، سەپاندنی ئابوورییەکی پۆلیسی و نیزامی بەسەر کوردستان، و ناچارکردنی هێزی کاری کوردستان بۆ کۆچی بەکۆمەڵ و کردنیان بۆ هەرزانترین و بێمافترین چینی کرێکار لە پەراوێزی شارە گەورەکانی ناوەنددا جێبەجێ دەکرێت. هەروەها هەموو چین و توێژەکانی دیکەش کە مافخوراو و بێبەشکراون، قوربانیانی دەسەڵاتێکن کە هاوکات لەگەڵ داگیرکاربوونی، دژە ژن، دژی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانە، خاوەنی سیستەمێکی نامرۆڤانە قەزاییە، دوژمنی شادی و ژیانێکی شیاو بۆ منداڵان، لاوان، کەم ئەندامان و بەساڵاچووانە.

لەم ناوەدا ژنانی کورد وەک خاڵی یەکتربڕینی هەموو ستەمەکان، قوربانیی سێ لایەنەی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و ڕەگەزیی دەسەڵات و نەریتی کۆنەپارێزن. بۆیە کوردستان هەموو مێژووی خەباتەکەی لە شۆڕشی ژینادا لە ژێر دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی وەکوو مانیفیستی دژایەتیی داگیرکاری، سەرکوتکاری و بێمافی هاوار کرد.

لە مێژووی بەرەوڕووبوونەوەی حکوومەتی ناوەندی لەگەڵ خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان سەرکوت تەنیا ئامرازێک بۆ کپکردنی دەنگە دژبەرەکان نەبووە بەڵکوو بەشێک بووە لە میکانیزمی بەرهەمهێنانەوە و پاراستنی ئەو نەزمە سیاسی و ئابوورییەی کوردستانی بە داگیرکراوی و لە باری ئابوورییەوە لاواز ڕاگرتووە. لەسێدارەدان، زیندان، بانگهێشتکردن و ئەمنیکردنی فەزای گشتی، ئامرازگەلێکن بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی ئەو سووژە گشتییانەی بە گژی نەزم و دەسەڵاتدا دەچنەوە.

حکوومەت باش دەزانێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیک، بزووتنەوەیەکی کرێکاریی بەهێز، بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی ژنان و دامەزراوە مەدەنییە سەربەخۆکان ئەگەر ببنە یەک و لێک هەڵپێکرێن، دەتوانن ببنە هێزێکی کاریگەر لە دژی پێکهاتەی باڵادەست. هەر بۆیە کوردستان تەنیا جوگرافیایەکی ژێردەستە نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەزموونی مێژوویی و ڕێکخراوەیی خۆیەوە، بووەتە پێشڕەوێکی فیکری و سیاسی کە مۆدێل و ئاسۆیەکی پێشکەوتنخواز بۆ تەواوی بزووتنەوە ئازادیخواز و ڕزگاریخوازەکانی تری ناو جوگرافیای ئێران دەستنیشان دەکات.

لەم دۆخەدا مافی دیاریکردنی چارەنووس پێگەیەکی سەرەکی پەیدا دەکات. لە ڕوانگەی چەپی دیموکراتیکەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس نە ئیمتیازێکی تایبەتە، نە داواکارییەکی ناسیۆنالیستیی تەسک، بەڵکوو یەکێکە لە بنەڕەتیترین مافە دیموکراتیکەکانی مرۆڤ کە مەرجی سەرەتاییە بۆ ئازادی و بنیاتنانی یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانە. هیچ نەتەوەیەک نابێت بە زۆر لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا ڕاگیرێت کە تێدا بەشداریی ئازادانە و یەکسان

دریژەی لاپەڕی

# وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ هاوڕێ ڕەزا کەعبی

ئـەم ڕێکخراوانـە خـاوەن ئەزمـوون و چالاکییەکی بەهێز و ناسراون؛ بەستنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بە بزووتنەوە جیهانییەکانەوە و بەشـدارییان لە کۆڕوکۆمەڵـی نێونەتەوەییدا، دەتوانێت دەوری بەرچاوی هـەبێت بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

١٢- بزووتنـەوەی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە کوێـی گۆڕانکارییـە سیاسییەکانی ئێراندا ڕاوەستاوە؟ ئاخۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە قۆناغی گۆڕانی ڕژێمدا بەشدار دەبێت، یان چاوەڕوان دەکرێت پاش ڕووخانـی ڕژێمیش بەشێکی لە دەسـەڵاتدا بەشـدار بێت؟ هاتنەسـەرکاری ڕژێمێـک لە ئێـران کـە لەگـەڵ ئاراستەی سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی ڕۆژئاواییـدا بێت، بـەڵام لە ناوخۆدا ئامادە نەبێت دان بە هیچ مافێکـی بەکۆمەڵـی نەتەوەی کورددا بنێت، ڕەنگـە دۆخـی بزووتنـەوەی کـورد لەوەی هەیە ئەستەمتریش بکات. پێتانوایە ئەگـەری سـەرکەوتنی وەهـا سیناریۆیەک هەیـە؟ گەر وەهـا سیناریۆیـەک ڕوو بدات پلانتان چی دەبێت؟

• پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بە بیری خۆمان بهێنینەوە کە ڕژێمە پانئێرانیست و ناوەندخوازەکان بە درێژایی مێژوو، هەموو پلانێکیـان بۆ ئـەوە بـووە کـە هـەر جۆرە جیاوازییەک ڕەت بکەنەوە؛ واتە سـەرەتای دەسپێکـی «ئێرانی مۆدێرن» بـە هەوڵدان بۆ داسـەپاندنی یەک نەتـەوە و یەک ئاڵا و سڕینـەوەی هـەر جۆرە دەنگ و ڕەنگێکـی جیـاواز دەسـتی پێ کـرد، بۆیـە هەمـوو شۆڕشەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بیانووی هەوڵدان بۆ دابەشکردنی ئێران، بێجیاوازی کەوتوونەتە بەر پەلاماری ڕژێمە ناوەندخوازەکان.

بۆ سـاڵانێکی دووروودرێژ پرسـی کورد بە گشتـی لـە ئاستـی جیهانیـدا وەک بابەتی ئـاوارە و لێقەومـاوان چـاوی لێ دەکرا کە دەبێت لـەو چوارچێوەیـەدا مافەکانیـان بپـارێزرێت، بـەڵام ئـەمڕۆ بـە خەبـات و تێکۆشـانێکی بـەردەوام و چڕوپڕەوە، بـە خۆشییـەوە بزووتنـەوەی کورد بـە گشتی و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەتایبەتـی، لـە قۆناغـی وشیارییەکـی مێژوویـی و کۆمەڵایەتیی گشتگیردایە کە چیدی پرسی کورد نـەک ناتوانـرێت پـەراوێز بخرێت و بچووک بکرێتەوە، بەڵکـوو ئێرانی داهاتوو بەبێ چارەسـەرێکی سیاسیی دیموکراتیک بۆ پرسی کورد و بەبێ دانان بە مافی دیاریکردنی چارەنـووس بۆ ئەم نەتەوەیە، ناتوانێت سـەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت. بۆیە ڕۆڵی بزووتنەوەی کورد کە بەتایبەتی لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا پانتاییەکـی گـەورەی بۆ خۆی دەستەبـەر کـردووە، لـە ئاستـی گۆڕانکارییەکانـی بەردەمـدا زۆر کاریگەر و چارەنووسسازە.

لـە ئێـران هەوڵـدان بۆ سـەقامگیرکردنی دیموکراسی هەیە و نابێت ڕۆڵیان لەبەرچاو نەگیـرێت، بـەڵام ئەزموونـە مێژووییەکـە پێمـان دەڵێت کە هەرچەند دوای شۆڕشـی مەشـرووتە لـە ئێـران، هەنگاوگەلێـک هەڵگیرا بۆ پرسـی دیموکراتیزەکردن، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییـدا هاتووەتە بەرهەم، دوو سیستـەم و دەسـەڵاتی دژەدیموکراسـی و پاوانخـواز بـوون کـە لـە دوو ئەزموونی شـکستخواردووی پاشـایەتی و دەسەڵاتی ئایینیـدا خۆیـان دەرخـست. ئێسـتاش وێڕای ئـەوەی کـە ڕژێمـی ئێـران لەسـەر لێـواری کۆتایـی تەمەنـی ڕاوەسـتاوە، ئاڵتەرناتیڤێکـی بـەهێزی دیموکراتیـک کـە بتـوانێت داهاتوویەکـی ڕوون بخاتـە بـەردەم جەماوەر و نەتـەوەکان، لە ئاستی جوگرافیـای سیاسیی ئێراندا بەدی ناکرێت، و ئەمـە ئاراستـەی خەباتـی ڕزگاریخوازی کورد لەگـەڵ هەندێک بەربـەست و گرفتی جیدی ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هـەر لـە سـەرەتای بەدەسـەڵاتگەیشتنی ڕژێمـی کۆماری ئیسلامییەوە، لە خەباتێکی بـەردەوام و نەپسـاوەدا دژی ئـەو ڕژێمـە بووین و ئەو سەردەمە بە تەنیا کەوتینەوە؛ ئێستا هەرچەند زۆر درەنگە بەڵام ناوەڕۆکی ڕژێـم هـەم بۆ خەڵکـی نـاوخۆ و هەمیش هێزە دەرەکییـە جیهانییەکانیش بە ڕوونی دەرکەوتووە، بۆیە بێگومان ئێمە وەک کورد درێژە بـەو خەباتـە دەدەین و پێشـوازیش دەکـەین لـەو هێزانـەی بەشـداری لـەم خەباتەدا دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم؛ بەڵام ئەوەی ئایـا ئێمە تەنیا تـا قۆناغی ڕووخان بەشـداری دەکەین یان لە درێژەی پڕۆسەکە و داڕشتنـی سیستەمـی نوێشـدا بەشـدار دەبین، پەیوەنـدی بـە ئاڵتەرناتیڤـەکان و چۆنیەتیی ڕوانین و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورددا دەبێت.

سـەرەتا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕووخانی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە قازانجـی نەتـەوەی کـوردە، کـە خەسـارلێکەوتووی سـەرەکیی ئـەو دەسـەڵاتە داگیرکـەر و پاوانخـوازە بووە؛ بـەڵام ڕووخانی کۆماری ئیسلامـی بەتەنهایـی مافـی نەتەوایەتیی کـورد و داخوازییەکانـی دیکـەی ئێمـە مسۆگـەر نـاکات. ئێمـە وەک کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردستان بـە پشتبەستن بـە ڕێبـاز و بەرنامـەی سیاسیمـان لـە بارودۆخـی تێپەڕبوون لـە ڕژێمی کۆماری ئیسلامـی و دەستبەکاربوونـی سیستەمی نـوێ، داوای مافێکـی پەسـەندکراوی نێـو جاڕنامـەی نێونەتەوەیـی بۆ گەلـی کـورد دەکـەین، کـە تێیـدا جەمـاوەری خەڵکـی کوردستان بە ئیـرادەی ئازادانەی خۆیانەوە لـە کەشـوهەوایەکی دیموکراتیکـدا بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیان بدەن کـە چ فۆرم و سیستەمێکـی سیاسـی لە ئاستـی ئێران و کوردستانـدا بـە شیـاو دەزانن و ئامادەن بەشـداریی تێـدا بکـەن؛ ئێمـە ئەمـە بـە بنەمایەکـی گرنگـی دیموکراسـی دەزانین.

ئەگـەر خەڵکی کـورد بڕیاریـان دا کیانێکی سـەربەخۆ پێـک بـهێنن، داوامـان ئەوەیە لە ڕێکخـراوە نێونەتەوەییـەکان ئەم مافە بۆ خەڵکـی کوردستان بە فەرمـی بناسن و پشتیوانیی بکەن وەک یاسـایەک کە خۆیان پەسـەندیان کـردووە، ڕەچـاوی بکـەن و هەمـوو هەوڵێـک بۆ ئەو ئامانجـە دەدەین.

ئەگەریش بڕیاری خەڵکی کورد ئەوە بوو کە بیەوێت لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی ئێرانـدا بمێنێتەوە، بێگومـان ئەو مانەوەیە پەیوەندی بـەوەوە هەیە کە دەبێت فۆرمی دەسـەڵاتداری و ڕوانین بۆ کۆی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاسـاوە گۆڕانی بنەڕەتییان بەسـەردا بێت و کۆتایی بە ناوەندگەرایی و پاوانخوازی بهێنرێت.

بـەڵام هـاوکات بۆ هەمـوو هێزەکانـی کوردستان پێویستـە و ئەرکێکی مێژووییە کە ئەگـەر لـە داڕشتنـەوەی یاسـای نوێدا بەشـدار بـوون، پێداگـری لەسـەر مافـی چارەنووسـی خەڵکی کورد بکەنەوە و وەک بڕگەیەکی یاسایی کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، بیبەنە نێو یاسای گشتـی. ئەگـەر بێت و کـورد سـەرەتا لەو دۆخە ئـاڵۆزەدا نەتوانێت پێداگری لەسـەر ئەو خاڵـە گرنگانە بکاتەوە کـە پەیوەندیی بـە داهاتووی ئەم نەتەوەیەوە هەیە و ڕێگە بـدات ئێرانـی داهاتوو لەسـەر سڕینەوە و پشتگوێخستنـی مافـی نەتـەوەکان بنیات بنرێت، ئـەوا ڕێگـە بۆ بەردەوامیی بێمافی و چەوسـاندنەوەی نەتـەوەی کـورد خۆش دەکات و درەنگ یـان زوو، سـەرلەنوێ بـەرەوڕووی هەمـان مێژووی هێرشـی دەسـەڵاتی ناوەندخـواز و پاوانخـوازەکان دەبێتـەوە. ئەگـەر بێت و سیستەمێکـی دۆستی وڵاتانی دەرەوە بێتە سەر دەسەڵات و هاوکات بیەوێت پرسـی کورد بە تەواوی وەلا بنێت، ئـەوە دوورەدیمەنێکە کە دڵنیام بە دڵی هیچ تێکۆشەرێکی ئازادیخواز نییە؛ واتە ناچاربوون بە قبووڵکردنی دەسـەڵاتی نوێ و ڕەنجبەخەساربوونی شۆڕشی کورد. بەڵام سینـاریۆی وەها دەبێت هەمیشـە بۆ کـورد بابەتێکی بیرلێکراوە بێت کە ئەگەری ڕوودانـی هەیە، بـەڵام بـە لەبەرچاوگرتنی گەشـە، وشیـاری و پانتاییەک کە شۆڕشـی کوردستان بەدەستی هێناوە، بۆ دەسـەڵاتی داهاتـووش ئاسـان نییـە فـاکتۆری کـورد لەبەرچاو نەگـرێت. لێرەدا ئەڵبەتە بەشێکی هـەرە گرنگیشـی پەیوەندیی بە فـاکتۆری ناوخۆیی کورد و ئامادەیی و خۆڕێکخستنی لـە پلاتفۆرمێکی کوردستانیدایـە کە تێیدا هەمـوو خواستەکانـی فۆرمولەکـراو بێت. ئەگـەر کورد یەکگرتووانە خـاوەن پلانێکی تۆکمە بێت، بە دڵنیاییەوە ئامادەیی بۆ هەر سیناریۆیـەک هەیە و ڕێگە نادرێت خەباتی خەڵکی کورد بێ دەستکەوت تێپەڕێت.

١٣- دۆخـی دابەشـکاریی کوردسـتان و بزووتنـەوەی کوردسـتان لـە ڕەوتـی مێژوویـی خۆیـدا، ئاستـی جیـاوازی پەیوەنـدی لـە نێـوان حیزب و ڕێکخـراوە سیاسییەکانـی کوردسـتان و دەوڵەتانـی داگیرکـەری کوردستانـدا دروست کردووە. ئـەم هەلومەرجە چ کاریگەرییەکی لەسـەر جۆر و ئاسـتی پەیوەندییەکانی حیزبەکەی ئێوە لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا هەیە؟ چۆن ئەو پەیوەندییانە بۆ ڕای گشتی شی دەکەنەوە و پاساوی دەدەنەوە؟

• مێژوو دەری خسـتووە کـە دەسـەڵاتە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان ئەگـەر دۆستایەتیـی حیزبێکـی کوردستانییـان کردبێت، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بووە و هیچـکات نەیانویستووە دۆستی خەباتی نەتەوەی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا بن و بـە کردەوەش هەر ئەوەیـان کردووە. کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان بە تێگـەیشتن لەم ڕاستییە و بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانـی خۆی لە هەمـوو مێژوویدا (مێژووی هاوبەشـی کۆمەڵـە و مێژووی خۆشمان وەکوو حیزب)، بە بەرپرسیاریەتی بەرامبـەر بـە شۆڕشـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان جووڵاوەتـەوە و هیچـکات هیچـکام لـە دەوڵەتـە داگیرکەرەکانـی کوردستانمـان بە دۆستی خۆمـان نەزانیوە و هیچ پلانێکیشـمان بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە و نییە.

لە سەردەمێکی دیاریکراودا، لە کاتی شەڕی کۆنەپەرستانـەی نێـوان حکوومەتەکانـی ئێـران و عێراقـدا، ئێمـە وەک هێزەکانـی ڕۆژهەڵات، پەیوەندییەکـی دیپلۆماتیکمان لەگـەڵ حکوومەتـی ئەوکاتـی عێراقـدا هەبـووە و ئەمەشـمان بـە مەبەستـی بەرژەوەندیی شۆڕشـی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها یارمەتیدانی شۆڕش لـە باشـووری کوردستانـدا بەکارهێنـاوە؛ هیچکات نەبووینەتـە هاوکاری دەوڵەتێکی داگیرکـەری کوردستان بـە مەبەستی زیان گەیانـدن بـە شۆڕش لـە بەشێکـی دیکەی کوردستانـدا. ئەمـە شـانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کـە وێڕای ئـەوەی لـە ژێر گوشـاردا بوون، هیچـکات دژی بەرژەوەندیـی بەشێکـی دیکەی کوردستان نەجووڵاونەتەوە.

**سپـاس بۆ کاربەدەستانی گۆڤـاری بەپێزی «تیشک» کە فایلی ئەم وتووێژی پێداین**

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# پێشمەرگە ژیانت باش، پیرۆزە لەدایکبوونت...!



٤٧ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژانێکدا کە ڕژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی، کوردستانی بە قەڵایەکی قایم لەبەردەم دامەزراندنی دەسەڵاتی دینی و فاشیستیی خۆی دەزانی، مێژوویەکی نوێ خولقا و توێژێکی نوێ لە ڕۆڵەکانی کوردستان باڵایان بە چەک و ڕەخت و جلی پێشمەرگانە ڕازاندەوە و وشەیەکی شیرین بە قەد باڵای کوردستان هاتە سەر زاران: پێشمەرگە ژیانت باش، پیرۆزە لەدایکبوونت...!

لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵە و لە پێشیانەوە کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، لەگەڵ دەیان ڕێبەر و کادری خاراوی خەباتی نهێنی لە کوردستان، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی دەرفەتێکی زێڕینیان بۆ هەڵکەوتبوو، دەستیاندایە ڕێکخستنی بەرگرییەکی جەماوەریی نوێ و دوای ماوەیەکی کەم، یەکەمین دەستەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕێکخران.

کۆمەڵە کە تەنیا چەند مانگ بوو خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ کردبوو، هەر زوو جەوهەری دژەمرۆیی ڕژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ناسی و دەستی بە کاری ڕێکخستنی جەماوەری کرد؛ هەر لە نەورۆزی خوێناوی سنە تا پێکهێنانی جەمعییەتەکان، بایکۆتی شانۆگەریی ڕێفراندۆم، وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی باڵای ڕژێم، شەڕی داسەپاوی نەغەدە، یەکێتیی جووتیاران، کۆچی مێژوویی مەریوان و ڕێپێوانی سەدان کیلۆمەتریی سنە، سەقز و بانە بۆ مەریوان، ڕێکخستنی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی هێمنانەی جەماوەری و پێکهێنانی دەیان ڕێکخراوی کرێکاری، ژنان و فەرهەنگی، کە بە کاری شەو و ڕۆژی، بەرەیەکی جەماوەریی بەهێز لە کوردستان پێکهات و کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی ئامادەی بەرگری بوو.

ڕێبەرانی لاوی کۆمەڵە و سەدان کادری خۆشناو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوونە بڕبڕەی پشتی خۆڕاگری و بزووتنەوەیەکی جەماوەری. کۆمەڵە کە گومانی نەبوو ڕژێم هێرش دەکاتە سەر کوردستان، وێڕای دەست هەڵنەگرتن لە خەباتی هێمنانە و مەدەنی و ڕێکخستنی جەماوەر، دەبوو خۆی بۆ بەرگری لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی ڕژێم ئامادە بکات؛ هەر بۆیە لە ناوەڕاستی بەهارەوە یەکەمین فێرگەی پێشمەرگایەتیی کۆمەڵە دامەزرا کە تێیدا دەیان کادری بە ئەزموونی خەباتی مەدەنی، لە زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر و کەسانی خۆشناوی ناوچەکانی کوردستان یەکەمین دەورەیان تێپەڕ کرد. لە پاش هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوردستان، ئەم هێزە بوونە بەردی بناغەی هێزێکی پێشمەرگە کە لە زۆر ڕووەوە جیاواز بوو و نوێگەری، پڕەنسیپ و سیمایەکی نوێی بە هێزی پێشمەرگە بەخشی. زۆربەی نەوەی یەکەمی ئەم هێزە پێکهاتبوو لە سەدان کادری وشیار، خاوەن پێگەی جەماوەری و خۆشناو لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەبات و بەرخۆدانی خەڵکی کوردستان، کە هەر لە بناغەوە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی کردە هێزێکی تایبەت؛ بە بیروباوەڕ، خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێش، ڕۆشنگەر، فیداکار، یەکسانیخواز، سەرسەخت لە مەیدانی شەڕ و هێمن، ئارام و بە پڕەنسیپ لەگەڵ دیلەکان.

لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستاندا لە ٤٧ ساڵی ڕابردوو، هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕۆڵی دیار و گەورەی گێڕاوە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە پڕناوەڕۆککردن و حەقانییەت بەخشین بە بزووتنەوەی کوردستان پشکی گەورەی بەرکەوتووە. چ لە مەیدانەکانی شەڕ، هەڵسوکەوت لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، تێکەڵبوون لەگەڵ جەماوەر و کار و ژیانی خەڵک، پێشمەرگەی کۆمەڵە خاوەن کەسایەتی و تایبەتمەندییەک بوون کە بە ڕاستی خۆشەویستی، ڕێز و سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا. ژیاننامەکانی هەزاران پێشمەرگەی گیانبەختکردوو و بیرەوەریی هەزاران هاوڕێی دیکە کە ئێستاش وەک دەورانی پڕ لە شانازیی تەمەنیان باس لەو ڕۆژانە دەکەن، ئاماژەن بۆ وشیاری و لەخۆبردوویی پێشمەرگەی کۆمەڵە.

بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە، کۆماری ئیسلامی زۆرترین هێز و ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی بۆ دژایەتیی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە تەرخان کردووە. زۆرترین فیلم و دۆکۆمێنتارییەکان لە دژی پێشمەرگەی کۆمەڵە ساز کراون. بەوەشەوە ڕێگر نەبووە لەوەی کە فەرماندەکانی سوپای تیرۆریستیی پاسداران، ئازایەتییەکان و نەبەردەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە حەماسەوە باس بکەن. مێژووی ٤٧ ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە دەوڵەمەندتر، پڕناوەڕۆکتر و ڕەواترە.

لە چەند ساڵی ڕابردووشدا، دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی ڕژێم تەرکیزێکی تایبەتییان لەسەر کۆمەڵە و بنکە و فێرگەکانی کۆمەڵە کردووە.

ڕژێم بە باشی دەور و ڕۆڵی کۆمەڵەی لە هەڵخراندنی شۆڕشی ژینا و لە ڕاپەڕین و ئاخێزەکانی داهاتوودا کە نەک وەک تارمایی، بەڵکوو وەک حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر هەستی پێ دەکات، قورسایی زۆرتری خستووەتە سەر کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەکەی؛ بەڵام بێگومان کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەی کۆڵ نادات و لە دژوارترین دۆخدا ڕێگای خەبات و حوزووری خۆی ون ناکات و وەک دەیان ساڵی ڕابردوو، دەبێتە بەشێکی بەرچاو لە خۆڕاگری، جەنگاوەری و خەباتی کوردستان.

لە قۆناغەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستاندا، کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگە دەور و ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان دەگێڕن و حوزووری کارایان دەبێت.

...

## دواستوون

# سازانی ترامپ و پاشماوەی کۆماری ئیسلامی



کەیوان دوورودی

دۆناڵد ترامپ سەرۆک کۆماری ئامریکا، بە سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە هەشت ساڵ هەڕەشە و شانوباڵ ڕاوەشاندن هێنا. خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە ئەگەرچی گشتییە و دەستنیشانکردنی وردەکارییەکانی ماوەتەوە بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی، بەڵام تا ئەم ئاستە سەرەتاییەش لە خۆیدا باسی زۆر هەڵدەگرێ.

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کۆماری ئیسلامی بەو مەرجەی دەروەست بێ بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، قۆناغ بە قۆناغ، دەستی بە هەموو داراییە بلۆککراوەکانی دەگات و ئەمەش دەستی ئەو ڕژیمە دەکاتەوە تا جارێکی تر خۆی پڕچەک بکات و کۆگا مووشەکی و درۆنییەکانی پڕ بکاتەوە. جگە لەمە خاڵێکی تریش هەیە کە زیاتر لایەنی ئابووری دەگرێتەوە و ئەویش گەڵاڵەیەکی دانانی سندوقێکی سەرمایەگوزارییە بۆ ئەرەپێدان لە ئێران بەتایبەت لە کەرتەکانی زیانلێکەوتووەکانی وزە واتە نەوت، پەترۆشیمی و گاز. ئاشکرایە بەڵێندەری یەکەمی ئەم بەشانەش سپای تیرۆریستیی پاسدارانە و ئەم ڕێکخراوە بە دەستگەیشتنی بەم سندوقە، زیاتر لە جاران دەرفەتی دەست دەکەوێ تا خۆی بەهێز بکات.

هەروەها ئامریکای دۆناڵد ترامپ لە بەرامبەر کردنەوەی گەرووی هورمۆزدا گەمارۆی دەریایی سەر ئێران هەڵدەگرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە گەرووی هورمۆز ئیتر لەڕێڕەوێکی نێودەوڵەتی دەر چووە و ئێران ئیدیعا دەکات کە دەبێ لەمەبەولا بەپێی ڕژیمی حوقووقیی دیاریکراوی خۆی حوکمڕانی تەواو بەسەر ئەم گەروویە بکات. بابەتێ کە نارەزایی وڵاتانی کەنداوی لێ کەوتووەتەوە و دیار نییە چارەنووسی بە کوێ دەگات.

لە خاڵی هەشتەمی ئەم ڕێککەوتنە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڵێن دەدات و پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە هەرگیز بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هەنگاو هەڵ ناگرێ. دیسان وردەکارییەکانی ئەم خاڵەش دیار نییە، بەڵام بەپێی دەنگۆکان، ئێران خەستیی ئەو پاشەکەوتە ئۆرانیۆمەی خۆی کە بە ڕێژەی ٦٠ لەسەد پیتێندراوە، کەم دەکاتەوە. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتوویە کە سوورە لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم و ئەو بەرنامە بنبڕ ناکات. لێرەشدا دیار نییە ئاستی پیتاندنەکە دەگاتە بەرجام یان کەمتر دەبێ. بەڵام هەر جۆر بێ، ئێران پیتاندنی ئۆرانیۆم درێژە پێ دەدات کە ئەمە پێچەوانەی بەڵێنەکانی ترامپە بۆ تێکەوەهەڵپێچانی ئەو بەرنامەیە.

بەپێی خاڵێکی ئەم ڕێککەوتنە، ئامریکای ترامپ نابێ بە هیچ جۆرێ لە کاروباری نێوخۆیی ئێران دەستێوەردان بکات. ئەم خاڵە ئەو نیگەرانییەی دروست کردووە کە تەنانەت پرسی مافی مرۆڤ و کوشتارێکی هاوشێوەی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤یش، نابێ ببێتە هۆکارێ بۆ ئەوەی ئامریکا هەڵوێستێک بگرێ. ئەم خاڵە لای چالاکانی مافی مرۆڤ جۆرێکە لە سازانی ئامریکا لەسەر کەمترین مافەکانی شارۆمەندان لە ئێران و بە شێوازێ چاوپۆشییەکی ترسنۆکانەیە لە دڕندەیی و تیرۆریزمیی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی.

هەروەها لەم سازانە هاتووە کە دەبێ لە ماوەی ٦٠ ڕۆژی داهاتوودا، هەردوو لایەن ڕێککەوتنێکی کۆتایی واژۆ بکەن کە تێیدا وردەکارییەکان بە تێروتەسەلی باس کرابن. بۆیە دەبێ بزانین دۆناڵد ترامپ کە تا ئێستە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە، چۆن هەنگاو هەڵدەگرێ و خۆی لەژێر ئەو گوشارە بڕستبڕانە دەرباز دەکات. لە بیرمان نەچێ کە ئامریکا نایەوێ تێچووی ڕووخانی ڕژیم بدات و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیشی نییە بۆ ئەوەی شەڕێکی گەورە لەدژی ڕژیمی ئێران دەست پێ بکات کە هەر ئەمەش وای دەکات دەسەڵاتدانی کۆماری ئیسلامی کەمترین ئیمتیاز بدەن و خاڵە دڵخوازەکانی خۆیان لە دەقی ڕێککەوتن بگونجێنن. هەر جۆر بێ جارێ تر ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە خەبات بۆ ئازادی تەنیا دەتوانێ لە ڕێگەی وشیارکردنەوە و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتییەوە بەدی بێ.